

# کۆدی بێدەنگییەکەی بارزانی
# لە ڕۆژووگرتنەکەی گاندی دەچێت

## ئەوانەی لە پەیامی ڕاستگۆیانەی پێکەوەژیان تێناگەن
## دەبێت بە کۆدی بێدەنگی وەڵام بدرێنەوە



**چۆن ڕێگە نەدرا کوێت ببێتە پارێزگای ١٩ هەمی عێراق، ئەوا جارێکی دیکە بوار بە حەیدەر عەبادی نادرێت هەرێمی کوردستان وەک پارێزگاکانی باکووری عێراق ناوزەد بکات، ئەمەش سەرەتای وەرزی دروێنەی دەسکەوتەکانی ریفراندۆمە کە پێدەچێت بەهاری سروشتی کوردستان بگۆڕێت بۆ بەهاری سیاسی و سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان**

**چۆن داگیرکردنی کوێت وەک تەحەددایەک بۆ پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و شکۆی سیستمی جیهانی خوێندرایەوە و قبووڵ نەکرا و سەدام حوسێن تەمبێ کرا، پێدەچێت لە ئێستا بەدواوە داگیرکردنەوەی کوردستان وەک سووتاندنی دەستووری عێراق و بێ ماناکردنی دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش سەیر بکرێت و بوار بەحەیدەر عەبادی نەدرێت و ئەویش تەمبێ بکرێت**

«کۆدی بێدەنگیی مەهاتما گاندی هەڵوێستێك بوو بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانەی کە لە پەیامی ئاشتیخوازانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی تێنەدەگەیشتن، هەر بۆیە کۆدی بێدەنگیی گاندی پەیامێك بوو تەنیا بە تێگەیشتن لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئازادغی گەلی هیندستان دەکرایەوە، کۆدی بێدەنگیی ئێستای سەرۆك بارزانی-یش، هەڵوێستێکە بەرامبەر هەموو ئەوانەی لە مانای ئازادی رادەربڕین و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبووردەیی و ئازادیی گەلی کورستان تێناگەن، یان خۆیان لێ کەڕ کردووە. لەم چوارچێوەیەدا کۆدی بێدەنگیی بارزانی .. بەشێکی لەو سیاسەتە ئەقڵانییە رەنگی داوەتەوە کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی لەسەرئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیادەی دەکات، بەشێکی دیکەشی بواردانە بە دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ ئەوەی ماسکی رووی خۆیان هەڵماڵن و رووی راستەقینەی خۆیان پیشانی جیهان بدەن. بەشی هەرە گرنگی کۆدی بێدەنگییەکەشی کە تەنیا گەلی کوردستان تێدەگات، پەیامێکە بۆ عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هەموو لایەکتان بەرژەوەندییەکانتان لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و مەزهەبگەرای وەك ئێستای عێراق یەك بگرێتەوە، ئەوا گەلی کوردستان نە دەبێتە پاشکۆی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و مەزهەبگەرا، نە قبووڵیشی دەکات، دەشزانێت لە کاتی گونجاودا چۆن وەڵامی دەداتەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەوساش وەك چەندین جاری دیکەش بارزانی گوتوویەتی: (چی دەبێت، با ببێت.)»

### ● ماکگۆرگ ویستی بە دژایەتی ریفراندۆم شکستی ئیدارەی ئۆباما بشارێتەوە، بەڵام عێراقێکی فاشیل لە جانتاکەی کەوتە خوارەوە

ئەو شکستە گەورەیەی لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ بەسەر پارتی دیموکراتی ئەمریکا هات، تەنیا دۆڕاندنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو وەك جۆن بۆلتۆن دیپلۆماتکاری ئەمریکا دەڵێت: «سەرکەوتنی ئەمجارەی ترەمپ لە سەرکەوتنی رۆناڵد ریگانی ١٩٨١ دەچێت، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری دەنگی کۆمارییەکانی لەناو پارتی دیموکراتیدا هێنایەوە.» ئەم بەراوردەی بۆڵتۆن تەنیا بەراوردکردنی ئۆباما نییە بە کارتەر، هەروەها بەراوردکردنی ترەمپیش نییە بە ریگان، بەڵکو ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی چۆن لەسەردەمی جیمی کارتەردا شکۆی ئەمریکا بە ئاستێك هاتەخوارەوە کە سۆڤیەت بەئاسانی توانی ئەفغانستان داگیربکات و ئەمریکاش هیچی پێنەکرێت، هەروەها ئەمریکا بە هەموو هێز و توانای خۆی نەیتوانی بارمتەکانی لە ئێران رزگار بکات و ناچاربوو بە رێککەوتن رزگاریان بکات. هەر بۆیە دەنگدەرانی ئەمریکا تۆڵەیان لە پارتی دیموکراتی کردەوە و خۆری ئەو پارتەیان بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە حوکمڕانی ئاوا کرد. پێدەچێ ئەمجارەش ئەگەر عێراق لەبەریەك هەڵبوەشێت، کە خۆی ئێستا لەبەر یەك هەڵوەشاوە، ئەوا بۆ چەند خولێکی دیکەش گەلی ئەمریکا متمانە بە دیموکراتییەکان ناداتەوە.

ئەوجا بۆ ئەوەی باشتر لە شکستی ئەمجارەی دیموکراتییەکان تێبگەین و بزانین لە چ روویەکەوە لە شکستی ساڵی ١٩٨١ی جیمی کارتەر دەچێت، ئەوا دەبێت بەراوردی ئەوە بکەین، جیمی کارتەر لە ١٩٧٧ چ ئیدارەیەکی لە کۆمارییەکان وەرگرت و لە ١٩٨١ چ ئیدارەیەکی تەسلیم کردنەوە، هەروەها باراك ئۆباما لە ٢٠٠٩ چ ئیدارەیەکی وەرگرت و لە ٢٠١٧ چ ئیدارەیەکی تەسلیم کردەوە.

١- لە ٢٠ی ١ی ١٩٧٧، کاتێك جیراڵد فورد ئیدارەی ئەمریکی تەسلیمی جیمی کارتەر کرد، ئەمریکا بەشی هەرە زۆری کێشەکانی خۆی چارەسەر کردبوو و هەنگاوی بۆ (سەرکەوتن بەبێ شەڕ)ی بۆ تێکشکاندنی یەکێتیی سۆڤیەت هەڵدەگرت، بەڵام کاتێك جیمی کارتەر لە ٢٠ی ١ی ١٩٨١ ئیدارەی ئەمریکی تەسلیمی رۆناڵد ریگان کرد، ئەمریکا کێشەکانی زۆر لە کێشەکانی شەڕی ڤێتنام زیاتر بوو، لەلایەك کۆماری ئیسلامیی ئێران ببووە ئەو هێزەی کە توانیبووی هێرشەکانی رژێمی سەدام حوسێن رابگرێت و خۆی ئامادەکردبوو

بۆ ئەوەی هێرشی پێچەوانە دەست پێبکاتەوە، کە نەك هەر خاکە داگیرکراوەکەی خۆی ئازاد بکاتەوە، بەڵکو عێراقیش داگیربکات، یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان خۆی قای مکردبوو و حکومەتێکی کۆمونیستی ڕاگەیاندبوو، شانەکانی حزبوڵای ئیسلامی لە باشووری لوبنان بە تەواوەتی خۆیان ڕێکخستبوو، بە پشتگیری کۆماری ئیسلامیی ئێران زەمینە بۆ ڕاگەیاندنی حزبوڵای ئیسلامی دروست دەکرا، ئەمەش مانای بێ ئاکام بوونی ڕێککەوتنی کامپ دیڤید بوو، کە ئەمریکا وەك شانازییەکی گەورە بۆ پرۆسەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل سەیری دەکرد، لەمەش خراپتر هەژموونی سۆڤیەت گەیشتبووە ئاستێك کە دەستتێوەردانی لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا دەکردو مانگرتنی سەرتاسەری لەناو کرێکارانی کۆنترۆڵی ئاسمانیی ئەمریکا دروست دەکرد.

٢- کاتێك جۆرج دەبلیو بوش لە ٢٠ی ١ی ٢٠٠٩ ئیدارەی ئەمریکی تەسلیمی باراك ئۆباما کرد، شەڕی تیرۆریستانی قاعیدە لە عێراق کۆتایی هاتبوو، عەرەبی سوننە لەچوارچێوەی هێزەکانی سەحوە ڕێکخرابوون و متمانەیان بۆ گەڕابووەوە بۆ ئەوەی بەشداری پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکەن، ئەمەش وایکرد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ عەرەبی سوننەی عێراق ببنە لیستی یەکەم و پاڵێوراو بوون بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنن، بەڵام بە گوشاری ئیدارەی ئۆباما، لیستی براوەی یەکەم گۆڕا بۆ هاوپەیمانیی گەورە، بەمەش زەمینەیەك دروست بوو کە نفووزی ئێرانی لە عێراقدا باڵادەست بێت و سیاسەتی حوکمڕانیی دەوڵەتێکی فیدراڵی بگۆڕێت بۆ سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە، پاشانیش ئەم سیاسەتە بووە هۆی سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستیی داعش کە زۆر لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە ترسناکتر بوون و توانییان خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا ڕابگەیەنن، بەمەش ئەو عێراقەی ئۆباما لە ٢٠ی ١ی ٢٠١٧ تەسلیمی ترەمپی کردەوە، عێراقێك بوو، هێشتا خەلافەتی ئیسلامیی داعش نەڕووخابوو، زیاتر لە ٣٠-٤٠٪ خاکی عێراق کە بریتی بوون لە پارێزگا سوننەنشینەکانی وەك (ئەنبار، تکریت، موسڵ و دیالە) ببوونە وێرانە. هەروەها کاتێك ئۆباما ئیدارەی ئەمریکای وەرگرت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قورسایی پێگەو نفووزی ئەمریکا بوو، ئێران تا ڕاددەیەکی زۆر ئیحتوا کرابوو، حزبوڵا لە شەڕدا تێك شکێندرابوو، لەسەر ئاستی جیهانیش، هەڕەشەی چەکە نیوکلیارییەکانی کۆریای باکوور سنووردار کرابوو، ڕووسیا بە قەوارەی ڕاستەقینەی خۆی ڕەفتاری دەکرد و تەنانەت ئەمریکا چاودێریی هەڵبژاردنەکانی دەکرد، یەکێتی ئەورووپا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، ناتۆ جڵەوی ئاسایشی جیهانی کۆنترۆڵ کردبوو، چینیش لە ئاستی شکۆی ئەمریکادا بێدەنگی لە پرسە جیهانییەکاندا هەڵبژاردبوو، بەڵام کاتێك ئۆباما لە ٢٠١٧ ئیدارەی ئەمریکی تەسلیمی ترەمپ کردەوە، جیا لەوەی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببووە ناوچەیەکی فاشیلی قۆناخی پۆست ئەمریکا و ڕۆژئاوا، لە هەمانکاتدا ڕووسیا هێزی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کریما لە ئۆکرانیا داگیربکات و بە هاوشێوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان گەڕابووەوە بۆ ناوچەکە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ سووریا و توانی بارودۆخی سووریا کۆنترۆڵ بکات و نەهێڵێت ڕژێمی بەشار ئەسەد بکەوێت، لەمەش زیاتر وەك دیموکراتەکان خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ڕووسیا وەك یەکێتی سۆڤیەتی پێشان دەستتێوەردانی لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا کرد، بەڵام ئەمجارەیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، هەروەها توانای نیوکلیاری کۆریای باکوور گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە هەڕەشەی داگرتنی دوگمەی نیوکلیاری لە ئەمریکا و جیهان بکات، لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئەو سیستەمە جیهانییەی کە ئەمریکا وەك (سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) شانازی پێدەکات و خۆی بە دامەزرێنەری دەزانێت، ئەو سیستەمەشی لەبەر یەك هەڵوەشان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، وەك سیستمێك لەسەر لێواری هەڵدێر پێناسە دەکرێت.

ئەم باکگراوەندە گرنگ بوو بۆ ئەوەی لە ئاستی شکستە گەورەکەی دیموکراتەکانی ئەمریکا تێبگەین کە ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی تاچەند خولێکی دیکەش نابنەوە میوانی کۆشکی سپی، بۆیە هەموو هەوڵیان

**ئەگەر عەبادیش هەمان ڕێگەی سەدامی تاقیکردەوە و ڕێزی لە دەستوور نەگرت و وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەدایەوە، ئەوا ئیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێت، گوێ لە دەنگی خەڵکی کوردستان بگرێت، خەڵکی کوردستانیش لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە جیهانی ڕاگەیاندووە کە بە ڕێژەی ٩٣٪ سەربەخۆیی دەوێت**

**چۆن لە ئابی ١٩٩٠ هەتا شەوی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١، هەموو خەڵکی کوێت و جیهان چاوەڕێی ئەوە بوون گوێیان لە وەڵامی سەدام حوسێن بێت، بۆ ئەوەی بزانن چۆن ڕێز لە پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەگرێت، ئێستاش بەهەمان شێوە هەموو خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش چاوەڕێی ئەوەن، گوێیان لێ بێت و ببینن، چۆن حەیدەر عەبادی ڕێز لە دەستووری عێراق و داوکارییەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەی و هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش دەگرێت**

**لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە، دیسان سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکێک کە وڵاتەکەی داگیرکراوە، بێدەنگی هەڵبژاردووە، بەڵام کۆدی بێدەنگییەکەی سەرۆک بارزانی پەیامێک ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعش دەکات و لێیان دەپرسێت: ئەگەر ئەمە لە حەیدەر عەبادی قبووڵ بکرێت، ئایا دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش و ئایندەی سیستمی جیهانی چی بەسەر دێت؟ لە هەمانکاتدا کۆدی بێدەنگییەکەی بۆ خەڵکی کوردستانیش پەیامێکی دیکەیە، بەو مانایەی جارێکی دیکە گەلی کوردستان بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی نابێت و دەبێت بە ئاشتی بێت، یان بە شەڕ، هێزەکانی حەیدەر عەبادی لەناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بکشێنەوە**

**پێدەچێت سەبری سەرۆک بارزانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دوو تا سێ مانگێکی دیکەی بوێت، هەتا هەموو دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بڕیاری ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بڕیارێکی دروست بووەو ئەو عێراقەی کەسێکی وەک حەیدەر عەبادی بیەوێت حوکمڕانیی بکات، نەک هەر شایەنی ئەوە نییە کوردستان بەشێک بێت لێی، بەڵکو شایەنی ئەوەش نییە کە وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

بۆ ئەوەیە ئەوەی بۆیان رزگار دەکرێت لە سیاسەتی شکستخواردووی هەردوو ئیدارەی ئۆباما، رزگاری بکەن، گرنگترین فاکتەریش کە بەشێکی کەمی سیاسەتی شکستخواردووی دیموکراتیەکانی پێ بشارنەوە، هێشتنەوەی یەکپارچەیی عێراقە بەهەر نرخێك بێت.

برێت ماکگۆرگ کە نوێنەری ئۆباما بوو بۆ شەڕی دژی داعش، لەبەر گرنگیی شەڕی دژی داعش، لە ئیدارەی ترەمپیشدا ئەم پۆستەی لێ وەرنەگیراوە، بۆیە دەیویست سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش و هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بکاتە دیارییەك بۆ رای گشتیی ئەمریکا و پێیان بڵێت، ئەوە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئیدارەی دیموکراتەکان بوو کە توانی سەرەنجام خەلافەتی ئیسلامی داعش بڕووخێنێت و یەکپارچەیی عێراقیش بپارێزێت. ئەم ئامانجە حزبییەی ماکگۆرگ لەگەڵ خەتی گشتی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ یەکی دەگرتەوە، بەوەی هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی هەیە، وەك خۆی بمێنێتەوە و تێکەڵی عێراق نەکرێتەوە، هەتا بەشە عەرەبییەکەی عێراق رێکدەخرێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئامانجی ئێرانیش یەکی دەگرتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر کوردستان سەربەخۆ ببوایە، ئەوا ئێران لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا رۆڵی سنووردار دەکرا، هەروەها لەگەڵ ئامانجی تورکیاش یەکی دەگرتەوە، کە تورکیا بە بیانووی ئەوەی دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، کێشە ناوخۆییەکانی خۆی هەناردەی دەرەوە بکات و پاشانیش زەمینەی بۆ خۆش بێت بۆ ئەوەی پەلاماری رۆژئاوای کوردستان بدات، هەروەك ئەوە ماوەی زیاتر لە ٢٠رۆژە هێرشی بۆ سەر عەفرین دەست پێکردووە.

سەرۆك مسعود بارزانی هەر زوو لە چۆنیەتی چنینی ئەم پیلانە تێگەیشتبوو، هەروەها دەشیزانی ئەم پیلانەی ماکگۆرك چەند زیانی بە کوردستان گەیاندووە، چەند هێندە زیان بە شکۆی ئەمریکا و رۆژئاوا دەگەیەنێت لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە، بۆیە بێدەنگی هەڵبژارد و لەژێر سێبەری ئەم بێدەنگییەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی وەڵامدانەوەی ئەرێنی بۆ خواستە نێودەوڵەتییەکان پیشان دایەوە و بە زمانی دیپلۆماتی پێی راگەیاندن، ئەگەر بەرژەوەندیی ئیقلیمی و تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوەدا بێت کە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی بپارێزرێت، ئەوا بەرژەوەندیی کورستانیش پارێزراو دەبێت، بەڵام لەماوەی کەمتر لە چوار مانگدا ئەوە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو کە لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق بەگشتی و شەخسی د.حەیدەر عەبادی، عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵیان ناوێت و ئامانجیانە دیکتاتۆریەتێکی تیوکراتی لە ژێر پەردەی سیستمی ویلایەتی فەقیهی دابمەزرێنن. ئەمەش ئەو زۆنگاوەیە کە هەڵەیەکی ماکگۆرك بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشی دروستکردووە و، گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی نە شەڕی دژی داعش کۆتایی هاتووە، نە عێراقیش دەبێتە ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی کە ئەوان ئاواتی بۆ دەخوازن، دیارە پێشتر چەندین جار بارزانی ئەم راستییانەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا راگەیاندبوو کە عێراق نە دەبێتە دیموکراتی و نە دەبێتە فیدراڵی، بۆیە ناچارین پەنا بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی ببەین، بەڵام ئەوان گوێیان بۆ پەیامەکانی بارزانی نەگرت و خۆیان خستە ناو پیلانەکەی ماکگۆرگ-ـەوە، بۆیە ئێستا بە بێدەنگییەکەی وەڵامیان دەداتەوە، ئەوانیش خەریکە لە کۆدی بێدەنگییەکەی بارزانی تێدەگەن.

## ● کوردستانێکی بەهێز بۆ گێڕانەوەی شکۆی سەرکەوتنەکانی دژی داعش

هێشتا ماوە تەواوی نهێنیی ئەو پیلانە ئاشکرا بێت کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی پار بۆ نەهێشتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان داڕێژدرابوو، پیلانەکەش هەر بەو جۆرە داڕێژدرابوو کە لە ماوەی کەمتر لە چەند رۆژێك هەموو شت کۆتایی بێت و شتێك بە ناوی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا بوونی نەمێنێت، بەڵام کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پردێ و سحێلا و مەحمودیە رووبەڕووی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق بووەوە کە بە چەکی ئەمریکی و هاوپەیمانان دەیانەویست کوردستان داگیربکەنەوەو پاشان زۆر خراپ تێکشێندران،

ئەمە بووە سەرەتای سنووردانان بۆ ئەو پیلانە گەورەی بۆ کوردستان چنرابوو.

حەیدەر عەبادی کە تێکشکاندنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقی بە چەکی ئەمریکی بەدەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بینی، بە جۆرێك کۆنترۆڵی خۆی لە دەستدابوو، دەیگوت: «هێزەکانی پێشمەرگە رووبەرووی هێزەکانی ئیتحادی بوونەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە!» عەبادی ئەوەی لەبیرخۆی بردبۆوە، کە نەك بەکارهێنانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، بەڵکو جووڵاندنی هێزی ئیتحادی لە دژی کوردستان، ئەوا نەك هەر پێشێلکردنی دەستوورە، بەڵکو نەهێشتنی دەستوورە لە عێراقدا. هەربۆیە راستەوخۆ دوای ئەم قارەمانییەی هێزەکانی پێشمەرگە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، ئەمریکا پشتگیری لە کوردستانێکی بەهێز لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیی بەهێزدا دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا، کۆدێکی دیکەی بێدەنگییەکەی بارزانی، بوواردانە بەو لێدوانەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا جەختی لەسەر دەکەنەوە، لەلایەکی دیکەش هەر لەچوارچێوەی ئەم بێدەنگییەی پەیامێکی دیکەی بە هەمووان راگەیاندووە، ئەگەر شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەی نێوان هەولێر و بەغدا، هەر بەوجۆرەی ئێستا بەڕێوەبچێت و هەوڵبدرێت بە گەمەکردن بە کات، ئەمری واقیعی سەربازی بەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بسەپێنرێت و سیاسەتی برسیکردن و گەمارۆی ئابووری و ئاسمانی لەسەر کوردستان بەردەوام بێت، ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێت ئەو ئەمری واقیعە بگۆڕێت و ئەمری واقیعێکی دیکە دروست بکاتەوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە، پرسیارەکە بە دیوێکی دیکەدا بکەین و بپرسین، لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هێرشکردنە سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی بەشێك لەخاکەکەی، ئایا شکۆ و پێگەی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە عێراق و سووریا و ناوچەکە بەهێز بووە، یان لاواز بووە؟ لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بە تێروتەسەلی لە کۆتایی ئەم هەفتەیە و سەرەتای هەفتەی داهاتوو لە کۆنگرەی میونخ بۆ ئاسایشی جیهان دەدرێتەوە و هەر لە ئێستاوە لەناونیشانی ئەو راپۆرتەوە دیارە کە بۆ کۆنگرەکە بەناونیشانی (جیهان لەسەر لێواری هەڵدێرە — To the Brink –and Back ) ئامادەکراوە، ئەم راپۆرتە کە بەشێوەیەکی گشتگیر هۆکارگەلێکی زۆری بۆ ئەم هەڵدێرە ئاماژە پێکردووە، بەڵام کەدێتە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بارودۆخی سووریا و عێراق، تەواو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە چۆن ئەمریکا و رۆژئاوا، رۆڵیان بۆتە لاوەکی لەئاستی ئێران و تورکیا و رووسیا، لەمەش زیاتر دووبارە پەنابردنەوەی رژێمی ئەسەد بۆ بەکارهێنانەوەی چەکی کیمیایی و هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، دوو ئاماژەی دیکەن بۆ ئەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا، لەدوای هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر کوردستان چەند رۆڵیان پاشەکشەی کردووە. ئەمریکای سەردەمی ترەمپ، هەر ئەو ئەمریکایە کە لە ئایاری ٢٠١٧ و بەبیانووی ئەوەی لە کۆگایەکدا چەکی کیمیایی هەیە، بێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرێس و نەتەوە یەکگرتووەکان، دیمەشقی رۆکێتباران کرد، بەڵام ئێستا و دوای ئەوەی کوردستان لاواز کرا، ئەوا چەند رۆژێکە رژێمی ئەسەد دەستی کردۆتەوە بە کیمیابارانکردنی گەلەکەی خۆی، بەڵام ئەمریکا بێدەنگە و ناشتوانیت هیچ بکات، هەر بۆیە دەوڵەتی سوید بەپەلە داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کردووە، بۆ ماوەی یەك مانگ ئاگربەس لە سووریا رابگەیەنرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت هاوکاری مرۆیی بگەیەنرێتە لێقەوماوانی غۆتە.

لە ئێستادا ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوایی ئەندام لە هاوپەیمانیی دژی داعش، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، لەدوای ئەوەی کوردستان کەوتە بەر هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق و دوچاری جۆرێك لە کارەسات و پاشەکشە لە پێگەی پێشووی خۆی بووەوە، ئێستا ئەم پاشەکشەی کوردستان، تەنیا نەبۆتە هۆی ئەوەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە وەك پاڵەوانی شەڕی دژی داعش

**دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن هێزەکانی سەدام حوسێنەوە، شێخ جابر ئەحمەد سەباح ئەمیری دەوڵەتی کوێت بێدەنگیی هەڵبژارد، کۆدی بێدەنگی شێخ جابر پەیامێك بوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی ئەگەر ئەمە لەسەدام حوسێن قبووڵ بکرێت، ئایا چارەنووسی کۆی سیستمی جیهانی بەرەو کوێ دەچێت؟ هەروەها کۆدی بێدەنگییەکەی پەیامێکی دیکەی بۆ کوێتییەکان تێدابوو، کە ئەو بە کەمتر بە گێڕانەوەی سەربەخۆیی بۆ کوێت و گەرەنتی سەلامەتی کوێت بە هیچی دیکە رازی نابێت، بۆیە کاتێک کوێت ئازادکرایەوە، کۆدی بێدەنگییەکەی شێخ جابر-یش کرایەوە**

**وەک چۆن سەدام حوسێن خۆی لێ ببووە پاڵەوانی شەڕی عێراق دژی ئێران و حیسابی بۆ هاوپەیمانی ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی نەدەکرد، ئەویش بەهەمان شێوە بەتەنیا خۆی لێ بۆتە پاڵەوانی شەڕی دژی داعش و دەیەوێت درێژە بە داگیرکردنی کوردستان بدات و بەهیچ شێوەیەک مل بۆ گوشارە نێودەوڵەتییەکان نادات و چۆن سەدام یاری بە هەست و نەست و کەرامەتی کوێتییەکان دەکرد، بەهەمان شێوە حەیدەر عەبادیش هەڵیداوە یاری بە هەست و نەست و کەرامەتی خەڵکی کوردستان بکات**



**کۆدی بێدەنگییەکەی بارزانی، بواردان بوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ماهیەتی سیاسەت و رەفتاری شیعەگەرایی لە عێراقدا ببنین، کۆدی ئەو بێدەنگیە پرسیارێک بوو ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرا، ئایا ئەو عێراقەی بە هۆی کوردستانەوە بووە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئێستا شایەنی ئەوەیە وەک ئەندامێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش سەیر بکرێت؟**

لەسەرکەوتنەکان بێبەش بن، بەڵکو تەواوی ئەو هاوکاری و بەشدارییەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە فاکتەری سەرەکی بوون بۆ رووخانی خەلافەتی داعش، وەك دیارییەکی بەلاش دراوە بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی سووریا و حزبوڵای لوبنانی و لەمەش زیاتر هەر ئەو میلیشیایانە هەڕەشە لە کوردستان و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعش دەکەن.

لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و رۆژئاواش لە ناوچەکە، هەست بەوە دەکرێت، دوای ئەوەی کوردستان بەهۆی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەوە لاوازکراو گەمارۆی خرایەسەر، ئێستا دەبینین ئەوانیش زۆر بەهێزتر لە پێشان لەلایەن ئێران و میلیشیاکانی حزبوڵا و لیواکانی زەینەب و فاتیمە لە سووریا و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی عێراقەوە تەحەددا دەکرێن. هەر بۆ نموونە، عەرەبستانی سعودیە کە یەکێکە لە بەهێزترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناوچەکە، لە یەکەم هەوڵدانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی حزبوڵای لوبنانی بە دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنان شکستی هێنا و، گوتاری حزبوڵا بەرامبەر سعودیە زۆر بەهێزتر بوو لە گوتاری سعودیە بەرامبەر بە حزبوڵا، سەرەنجامیش هەر گوتارەکەی حزبوڵا سەرکەوت و سەعد حەریری دەست لەکارکێشانەوەکەی کێشایەوە، هەروەها



ئیسرائیل کە بە کردەیی بە بریکاری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمار دەکرێت، بەڵام لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە، دەبنینین کاردانەوەکانی ئێران و سووریا و حزبوڵا و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دژی ئیسرائیل توندتر و پڕ تەحەددیتر بووە. هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی ترەمپ ڕایگەیاند پایتەخت لە تەلئەبیبەوە دەگوازێتەوە بۆ قودس، بەشێك لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی عێراقی لە باشووری لوبنان لە سنوورەکانی ئیسرائیل بینراون، میلیشیا شیعەکانی سووریا و حزبوڵا، لەسەر سنووری جۆلان گردبوونەوە و لەولاشەوە ڕۆژانە چەکدارەکانی حزبوڵا لە باشووری لوبنان و چەکدارەکانی حەماس لە کەرتی غەزە مانۆڕی گەورەی ڕۆکێتی بەرامبەر ئیسرائیل پیشان دەدەن، لە تازەترین ڕووداویشدا کە ڕۆژی شەمەی ڕابردوو ١٠ی شوباتی ٢٠١٨ ڕوویدا، خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی بووە لە ئاسمانی دیمەشق، ئەمانەش هەمووی مانای ئەوەن کە ڕۆڵی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر نفووزی ئێران و میلیشیا شیعەکانی عێراق و سووریا و حزبوڵا لە داشکانێکی گەورەدایە.

کەواتە لە ئێستادا کە دەبینین بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، پشتگیری لە هەڵوێستی کوردستان دەکەن و گوشار دەخەنە سەر بەغدا بۆ ئەوەی ملبدات بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، ئەمە هەمووی

**تەنیا پێگەیەک کە دووبارە ڕۆڵێکی ڕاستەقینە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێتەوە، ئەوەیە دووبارە کوردستان بگەڕێتەوە بۆ پێگە و شکۆی خۆی وەک ڕۆژانی شەڕی دژی داعش، گێڕانەوەی ئەم پێگە و شکۆیە بۆ کوردستان دەبێتە جۆرێک لە پارسەنگ بۆ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراقیش بۆ ئەوەی بە سیاسەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی خۆیاندا بچنەوە**

**لە ئێستادا کە دەبینین بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەمریکا، پشتگیری لە هەڵوێستی کوردستان دەکەن و گوشار دەخەنە سەر بەغدا بۆ ئەوەی ملبدات بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، ئەمە هەمووی لەبەر خاتری کوردستان نییە کە پێویستە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا مافەکانی بۆ بەدیبهێنرێت، بەڵکو ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر کوردستان لاواز بێت و بەتەنیا بەجێ بهێڵدرێت بۆ سیاسەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی بەغدا، ئەوا رۆژئاواو ئەمریکا لە عێراق و سووریا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەونە پەراوێزەوە**

**عەبادی ئەوەی لەبیرخۆی بردبووە، کە نەک بەکارهێنانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، بەڵکو جووڵاندنی هێزی ئیتحادی لە دژی کوردستان، ئەوا نەک هەر پێشێلکردنی دەستوورە، بەڵکو نەهێشتنی دەستوورە لە عێراقدا. هەربۆیە راستەوخۆ دوای ئەم قارەمانییەی هێزەکانی پێشمەرگە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، ئەمریکا پشتگیری لە کوردستانێکی بەهێز لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیی بەهێزدا دەکات**

لەبەر خاتری کوردستان نییە کە پێویستە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا مافەکانی بۆ بەدیبهێنرێت، بەڵکو ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر کوردستان لاواز بێت و بەتەنیا بەجێ بهێڵدرێت بۆ سیاسەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی بەغدا، ئەوا رۆژئاواو ئەمریکا لە عێراق و سووریا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەونە پەراوێزەوە، بۆیە تەنیا پێگەیەك کە دووبارە رۆڵێکی راستەقینە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێتەوە، ئەوەیە دووبارە کوردستان بگەڕێتەوە بۆ پێگە و شکۆی خۆی وەك رۆژانی شەڕی دژی داعش، گێڕانەوەی ئەم پێگە و شکۆیە بۆ کوردستان دەبێتە جۆرێك لە پارسەنگ بۆ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراقیش بۆ ئەوەی بە سیاسەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی خۆیاندا بچنەوە، هەروەها دەبێتە پشت و پەنایەك بۆ عەرەبی سوننەی عێراقیش بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بتوانن خۆیان رێکبخەنەوەو لەژێر هەژموونی مەزهەبگەرایی شیعە بێنە دەرەوە و شارەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە.

کەواتە لەم چوارچێوەیەشدا، کۆدی بێدەنگییەکەی بارزانی، بواردان بوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ماهیەتی سیاسەت و رەفتاری شیعەگەرایی لە عێراقدا ببینن، کۆدی ئەو بێدەنگیە پرسیارێك بوو ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرا، ئایا ئەو عێراقەی بە هۆی کوردستانەوە بووە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئێستا شایەنی ئەوەیە وەك ئەندامێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش سەیر بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەتا ئێستا بە راشکاوی نەدراوەتەوە، بەڵام زیادبوونی گوشارەکان لەسەر حکومەتی بەغدا، پەیامێکە بۆ ئەوەی عێراقی شیعەگەرا شایەنی ئەوە نییە کە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بێت.

**● وەرزی درونەی دەستکەوتەکانی ریفراندۆم دەست پێ دەکات**

کاتێك رژێمی سەدام حوسێن لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ کوێتی داگیرکرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە درێژای شەش مانگ داوایان لە سەدام حوسێن کرد، بۆ ئەوەی شەڕ و شۆڕی زیاتر روونەدات، باشترە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە کوێت بکشێتەوە، بەڵام سەدام حوسێن بە جۆرێك پشتگیریی نێودەوڵەتی لەشەڕی عێراق- ئێران غرووری کردبوو، دەیویست بە جیهان بڵێت من ئەو سەدامە حوسێنەم ئێرانم ناچارکرد، شەڕ رابگرێت، ئێستا ئێوە دەتانەوێت هەروا بە ئاسانی لە کوێت بکشێمەوە؟ ئەم عینادی و لە خۆباییبوونەی سەدام حوسێن، نەك هەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە چیدیکە عێراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێن بە کەڵکی ئەوە نەماوە وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو بۆ یەکەمین جار لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان و ئەمریکای لە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت کۆکردەوە.

ئێستا حەیدەر عەبادی-یش تووشی هەمان غرووری و لوتبەرزیی سەدام حوسێن بووە و لە گوتارەکانیشدا ئەوەی نەشاردۆتەوە، وەك چۆن سەدام حوسێن خۆی لێ ببووە پاڵەوانی شەڕی عێراق دژی ئێران و حیسابی بۆ هاوپەیمانی ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی نەدەکرد، ئەویش بەهەمان شێوە بەتەنیا خۆی لێ بۆتە پاڵەوانی شەڕی دژی داعش و دەیەوێت درێژە بە داگیرکردنی کوردستان بدات و بەهیچ شێوەیەك مل بۆ گوشارە نێودەوڵەتییەکان نادات و چۆن سەدام یاری بە هەست و نەست و کەرامەتی کوێتییەکان دەکرد، بەهەمان شێوە حەیدەر عەبادییش هەڵیداوە یاری بە هەست و نەست و کەرامەتی خەڵکی کوردستان بکات.

ئەگەر ئەم بەراوردکردنەی عەبادی بە سەدام حوسێن بکەینە بنەما بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و کشانەوەی هێزەکانی عەبادی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئاوا نابێ پشوومان تەنگ بێت و پێدەچێت سەبری سەرۆك بارزانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دوو تا سێ مانگێکی دیکەی بوێت، هەتا هەموو دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بڕیاری ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بڕیارێکی دروست بووەو ئەو عێراقەی کەسێکی وەك حەیدەر عەبادی بیەوێت حوکمڕانیی بکات، نەك هەر شایەنی ئەوە نییە

کوردستان بەشێك بێت لێی، بەڵکو شایەنی ئەوەش نییە کە وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەمەش زیاتر لەوانەیە جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوەو ئەمجارەیان کوردستان لە بری کوێت، جارێکی دیکە رووسیا و ئەمریکا پێکەوە لەیەك هاوپەیمانی کۆبکاتەوە و کۆتایی بە داگیرکاریی عێراق بۆ کوردستان بهێنرێت.

دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن هێزەکانی سەدام حوسێنەوە، شێخ جابر ئەحمەد سەباح ئەمیری دەوڵەتی کوێت بێدەنگیی هەڵبژارد، کۆدی بێدەنگی شێخ جابر پەیامێك بوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی ئەگەر ئەمە لەسەدام حوسێن قبووڵ بکرێت، ئایا چارەنووسی کۆی سیستمی جیهانی بەرەو کوێ دەچێت؟ هەروەها کۆدی بێدەنگییەکەی پەیامێکی دیکەی بۆ کوێتییەکان تێدابوو، کە ئەو بە کەمتر بە گێڕانەوەی سەربەخۆیی بۆ کوێت و گەرەنتی سەلامەتی کوێت بە هیچی دیکە رازی نابێت، بۆیە کاتێك کوێت ئازادکرایەوە، کۆدی بێدەنگییەکەی شێخ جابر-یش کرایەوە.

لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە، دیسان سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکێك کە وڵاتەکەی داگیرکراوە، بێدەنگی هەڵبژاردووە، بەڵام کۆدی بێدەنگییەکەی سەرۆك بارزانی پەیامێك ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعش دەکات و لێیان دەپرسێت: ئەگەر ئەمە لە حەیدەر عەبادی قبووڵ بکرێت، ئایا دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش و ئایندەی سیستمی جیهانی چی بەسەر دێت؟ لە هەمانکاتدا کۆدی بێدەنگییەکەی بۆ خەڵکی کوردستانیش پەیامێکی دیکەیە، بەو مانایەی جارێکی دیکە گەلی کوردستان بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی نابێت و دەبێت بە ئاشتی بێت، یان بە شەڕ، هێزەکانی حەیدەر عەبادی لەناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بکشێنەوە.

جیمس بیکەر کە وەزیری دەرەوەی سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشی باوك بووە، لەسەر داوای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ ئەوەی شەڕی یەکەمی کەنداو روونەدات، لەگەڵ تاریق عەزیز (وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی رژێمی سەدام حوسێن) کۆبۆوە، کاتێك لەو کۆبوونەوەیە جیمیس بیکەر بە تاریق عەزیزی وت: باشترە لە کوێت بکشێنەوە، ئەگینا ئەم ئەم شەڕەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی سوپای عێراق بەرپای دەکات، عێراق دەگێڕێتەوە بۆ چەرخی کشتوکاڵ، بەڵام تاریق عەزیز لەسەر نەزمی هەمان غروور و لوتبەرزیی سەدام حوسێن بە پێکەنینەوە بە جیمس بیکەری راگەیاند، لە گۆڕەپانی شەڕ وەڵامتان دەدەینەوە. لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە بەشێکی زۆر لە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی دەوڵەتانی هاوپەیمان، پەیامی لەم شێوەیەیان بە حەیدەر عەبادی راگەیاندووە، بەڵام عەبادی هەروەك تاریق عەزیز وەڵامی داونەتەوە، ئەوجا چۆن وەڵامەکانی سەدام و تاریق عەزیز بوونە هۆکاری ئەوەی کە عێراق بە شێوەیەك کاول بێت، کە هەستانەوەی ئاسان نەبێت، ئەم رەفتار و سیاسەتانەی عەبادییش هەر بەرەو ئەوە دەچێت، وڵاتەکە کاول بێت و خۆری دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا ئاوا بێت .

بێگومان چۆن لە ئابی ١٩٩٠ هەتا شەوی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١، هەموو خەڵکی کوێت و جیهان چاوەڕێی ئەوە بوون گوێیان لە وەڵامی سەدام حوسێن بێت، بۆ ئەوەی بزانن چۆن رێز لە پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەگرێت، ئێستاش بەهەمان شێوە هەموو خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش چاوەڕێی ئەوەن، گوێیان لێ بێت و ببینن، چۆن حەیدەر عەبادی رێز لە دەستووری عێراق و داوکارییەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەی و هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش دەگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن لە نێوان کوێت و عێراقی سەدام حوسێن، دیالۆگ بریتی بووە لەوەی سەدام حوسێن پیشانی بدات چۆن رێز لە پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەگرێت، ئێستاش بە هەمان شێوە دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا بریتییە لەوەی عەبادی پیشانی بدات، چۆن رێز لە دەستوور و بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش دەگرێت، ئەوجا ئەگەر عەبادییش هەمان رێگەی

**پێشتر چەندین جار بارزانی ئەم راستییانەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا راگەیاندبوو کە عێراق نە دەبێتە دیموکراتی و نە دەبێتە فیدراڵی، بۆیە ناچارین پەنا بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی ببەین، بەڵام ئەوان گوێیان بۆ پەیامەکانی بارزانی نەگرت و خۆیان خستە ناو پیلانەکەی ماکگۆرک-ەوە، بۆیە ئێستا بە بێدەنگییەکەی وەڵامیان دەداتەوە، ئەوانیش خەریکە لە کۆدی بێدەنگییەکەی بارزانی تێدەگەن**

**برێت ماکگۆرگ کە نوێنەری ئۆباما بوو بۆ شەڕی دژی داعش، لەبەر گرنگیی شەڕی دژی داعش، لە ئیدارەی ترەمپیشدا ئەم پۆستەی لێ وەرنەگیراوە، بۆیە دەیویست سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش و هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بکاتە دیارییەک بۆ رای گشتیی ئەمریکا و پێیان بڵێت، ئەوە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئیدارەی دیموکراتەکان بوو کە توانی سەرەنجام خەلافەتی ئیسلامی داعش بڕووخێنێت و یەکپارچەیی عێراقیش بپارێزێت**

**کۆدی بێدەنگیی بارزانی .. بەشێکی لەو سیاسەتە ئەقڵانییە رەنگی داوەتەوە کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی لەسەرئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیادەی دەکات، بەشێکی دیکەشی بواردانە بە دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ ئەوەی ماسکی رووی خۆیان هەڵماڵن و رووی راستەقینەی خۆیان پیشانی جیهان بدەن**

سەدامی تاقیکردەوە و رێزی لە دەستوور نەگرت و وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەدایەوە، ئەوا ئیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێت، گوێ لە دەنگی خەڵکی کوردستان بگرێت، خەڵکی کوردستانیش لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە جیهانی راگەیاندووە کە بە رێژەی ٩٣٪ سەربەخۆیی دەوێت.

کاتێك ئەو پرسیارە لە مێژوو دەکرێت و دەپرسین، بۆ سەدام حوسێن لە کوێت نەکشایەوە؟ ئایا نەیدەزانی لە ئاکامی عینادی ئاوای بەسەر دێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە مێژوو پێمان دەڵێت، سەدام حوسێن باش دەیزانی لە کوێت بکشێتەوە، یان نە، چیدیکە نە عێراق وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نە خۆیشی وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە موجازەفەی کردو رێگەی دووەمی هەڵبژارد، لەم راستەوە پێدەچێت هەمان هەستی نائومێدی ناخی عەبادییشی گرتبێتەوە و گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی، ئەگەر دەستوور جێبەجێ بکات و هێزەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بکشێنێتەوە، یان نە، ئەو جارێکی دیکە هەر سەرۆك وەزیرانی عێراق نابێت و کوردستانیش بەشێك نابێت لەو عێراقە



**کۆدی بێدەنگیی گاندی پەیامێک بوو تەنیا بە تێگەیشتن لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئازادغی گەلی هیندستان دەکرایەوە، کۆدی بێدەنگیی ئێستای سەرۆک بارزانی-یش، هەڵوێستیکە بەرامبەر هەموو ئەوانەی لە مانای ئازادی رادەربڕین و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبووردەیی و ئازادیی گەلی کورستان تێناگەن**

دیکتاتۆرەی کە ئەو خەونی پێوە دەبینێت و دەیەوێت بە داگیرکردنی کوردستان هەڵبژاردنی دووەم بباتەوە، بۆیە لەوە دەچێت عەبادییش وەك سەدام حوسێن موجازەفە بکات و رێگەی دووەم تاقی بکاتەوە، بەڵام چۆن داگیرکردنی کوێت وەك تەحەددایەك بۆ پاكتی نەتەوە یەكگرتووەكان و شكۆی سیستمی جیهانی خوێندرایەوە و قبووڵ نەکرا و سەدام حوسێن تەمبێ کرا، پێدەچێت لە ئێستا بەدواوە داگیرکردنەوەی کوردستان وەك سووتاندنی دەستووری عێراق و بێ ماناکردنی دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش سەیر بکرێت و بوار بەحەیدەر عەبادی نەدرێت و ئەویش تەمبێ بکرێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا چۆن رێگە نەدرا کوێت ببێتە پارێزگای ١٩ هەمی عێراق، ئەوا جارێکی دیکە بوار بە حەیدەر عەبادی نادرێت هەرێمی کوردستان وەك پارێزگاکانی باکووری عێراق ناوزەد بکات، ئەمەش سەرەتای وەرزی دروێنەی دەسکەوتەکانی ریفراندۆمە کە پێدەچێت بەهاری سروشتی کوردستان بگۆڕێت بۆ بەهاری سیاسی و سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان.





## جەیمس فارویڵ

### شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئاشتەوایی نیشتمانی لە عێراقدا نەکرێت، زەمینەی سەرهەڵدانەوەی گروپی هاوشێوەی داعش دروست دەبێتەوە

جەیمس فارویڵ توێژەرە لەئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشتر لە نووسینگەی جێگری وەزیری بەرگری کاری کردووە و راوێژ و راسپاردەی داوە بە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکان و راوێژکاری سیاسی جۆن مەککەین بوو لە کاتێکدا کە پاڵێوراو بوو بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا. هەروەها توێژەر بووە لە بەشی دیراساتی شەڕ لە کۆلێژی پاشایەتی لە لەندەن. جەیمس فارویڵ شارەزای کاروباری چەند وڵاتێکە، وەك پاکستان، یەمەن، لوبنان سووریا و عێراق. بۆ شرۆڤەکردنی ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریادا، گۆڤاری گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکردو ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خستەڕوو.



*** هەروەك ئاشكرایە لەئێستادا بارودۆخێكی سەخت و دژوار رووبەڕووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتەوە، وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەگشتی و وڵاتگەلێكی وەك عێراق و سووریا بەتایبەتی بە بارودۆخێكی پڕ لە گرفت و كێشەدا تێدەپەڕن، بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە چۆن لە بارودۆخەكە دەڕوانن؟**

- بێگومان ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە چەند لایەنێك هەن و هەر یەكێك لەو لایەنانەش ئەجێندا و كارنامەی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە، هیوا و ئومێدی ئێمەش ئەوەیە كە بتوانن زاڵ بن بەسەر جیاوازییەكانیاندا بۆ ئەوەی بتوانن سەقامگیری بەدەست بهێنن كە ئەمە بۆتە خەون و ئاواتی خەڵكی ناوچەكە. مەبەستم ئەوەیە سەرەڕای جیاوازییە سیاسییەكان، بتوانن پێكەوە كاربكەن بۆ گەیشتن بە كۆدەنگییەك بۆ ئەوەی ببنەوە بە نەتەوەیەكی بەهێز، كە ئەمەش ئەركێكی قورس و دژوارە، چونكە ئاشكرایە كە لێكدابڕان و دابەشبوونێكی زۆر لەئارادایە.

*** ئێوە باستان لەو ئاستەنگ و دژوارییە كرد كە رووبەڕووی ئەم كۆمەڵگەیانە دەبنەوە لە گەیشتن بە كۆدەنگی و لە توانای پێكەوەكاركردن، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هۆكارە سەرەكی و بنەڕەتییەكانی ئەم حاڵەتە چییە؟ ئایا تەنیا هۆكارە ناوخۆییەكانن، یاخود دەستتێوەردانە دەرەكییەكان رێگرن لە گەیشتن بەم كۆدەنگییە؟**

- ئێوە لە پرسیارەكەتاندا ئاماژە بە دەستتێوەردان دەكەن، كە پێموانییە بەكارهێنانی دەستەواژەی

**سەرۆک وەزیرانی عێراقی هەوڵی بەهێزکردنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەدات لە ئاست ئێراندا. دواتر نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێران بەرژەوەندی خۆی هەیە و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، کە مەرجیش نییە لە بەدیهێنانیاندا سەرکەوتوو بێت**

دەستتێوەردان زۆر بە وردی وەسفی حاڵەتەکە بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی عێراقەوە هەیە، مەبەستم ئەوەیە حکومەتی عێراق خۆی بە رەسمی داوای هاوکاری و پشتیوانی هاوپەیمانەکانی کرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەرەسەندنانەی کە لەو وڵاتەدا هاتنەئاراوە. واتە لەسەر داوای خۆی ئەو پاڵپشتییەی بۆ دەستەبەر کرا. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی سووریاشەوە هەبێت، ئەوا چەندین لایەنی جیاواز هەن کە هەر یەکە کارنامە و ئەجێندای خۆی هەیە، مەبەستم ئەوەیە ناتوانین لە یەك روانگەوە لە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە بڕوانین، بەڵکو دەبێت هەر یەکەیان لە سیاق و هەلومەرجی خۆیدا هەڵبسەنگێنرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە هاوپەیمانەکانەوە، بەتایبەتی ئەمریکا، ئەوا هەوڵ و کۆششێکی زۆریان کردووە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەو وڵاتانە و بۆ تێکشکاندنی داعش- کە رێکخراوێکە دەستی لە کۆمەڵکوژیدا هەیە-، چونکە داعش هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوو، لە ئێستاشدا هەر وایە، لەسەر هەموو لایەنێك لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کە پێموایە پێویستە هەوڵەکان بەم ئاڕاستەیە چڕبکرێنەوە. بە تێڕوانینی من ئەمە هاوکارییەکە کە لە ئێستادا حکومەتی عێراق پێویستی پێیەتی بۆ تێکشکاندنی داعش.

*** ئێوە جەختتان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە هەوڵەکان بە ئاڕاستەی لەناوبردن و تێکشکاندنی داعش چڕبکرێنەوە، بەڵام پێتانوانییە کە پێویستە هەوڵ و هەڵمەتە سەربازییەکان هاوشان بن بە خستنەگەڕی هەوڵە سیاسییەکان و خستنەڕووی دەستپێشخەری بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارە بنەڕەتی و ریشەییانەی کە لە سەرەتادا بوونە هۆی سەرهەڵدانی گروپێکی وەك داعش؟ ئایا ئەگەر ئەمە نەکرێت سەرکەوتنە سەربازییەکان لەرزۆك و کورتخایەن نابن؟**

- بەڵێ، من هاوڕام لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا، چونکە لە بنەڕەتدا و لە کۆتاییدا گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بەهۆی چارەسەری سیاسییەوە دێتەئاراوە. بۆ نموونە لە عێراقدا، هۆکار و زەمینەی دروستبوونەوەی داعش لە ئارادا دەبن، ئەگەر ئاشتەوایی نیشتمانی لەم وڵاتەدا نەکرێت. کەواتە ئەوەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد، تەواو راستە.

*** ئایا پێتوایە پێویستە ئەو رێککەوتنە سیاسییە درێژخایەنە چۆن بێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیرییەکی راستەقینە و پتەو دەستەبەر بکات لەم وڵاتانەدا؟ بۆ نموونە ئایا دەبێت رێککەوتنی هاوبەشیکردنی دەسەڵات لەخۆبگرێت؟**

- لە راستیدا من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە ئەمە پرسێکە دەبێت خەڵکی ئەم وڵاتانە خۆیان یەکلای بکەنەوە و خۆیان بڕیار بدەن کە ئایا چ جۆرە چارەسەرێکی سیاسی دەگرنەبەر. واتە من خۆم لە پێگەیەکدا نابینم کە بتوانم پێشنیار و راسپاردەم هەبێت بۆ ئەوەی گەلی عێراق چۆن بڕیار لەم بارەیەوە بدەن، ئەمە بەرپرسیارێتی خودی عێراقییەکان خۆیانە.

*** ئەی پێتوانییە هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوە لەدوای تێکشکاندنی داعش لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریادا پێویستی بە مانەوەی درێژخایەنی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لەم دوو وڵاتەدا هەیە؟**

- من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە لە داهاتوودا رووەدات، بەڵام دەبێت سەرەتا چاوەڕێی ئەوە بکەین ئایا چەند هەوڵەکانی ئاشتەوایی و سەقامگیرکردنەوە ئەنجامیان دەبێت، دواتر ئەمەش بڕیارێکە پەیوەستە بە حکومەتی عێراقیشەوە، کە من نازانم ئایا هەڵوێستی ئەم حکومەتە چۆن دەبێت لەو رووەوە.

*** هۆکاری ئەم پرسیارەمان بۆ ئەوە بوو کە ئێمە بینیمان لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ بارودۆخە ئەمنی و سیاسییەکە بە ئاقارێکی خراپدا رویشت و سەرەنجام بۆشایی ئەمنی دروست بوو و گروپی توندڕەو و تیرۆریستی وەك داعش دروست بوون، ئایا پێتوایە بۆ رێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم سیناریۆیە دەبێت ئەمریکا بەشێك لە هێزەکانی لە عێراقدا بهێڵێتەوە؟**

- من کاتی خۆی ئەم بڕیار و هەنگاوەم پێ هەڵە بوو، مەبەستم لە بڕیاری هاوبەشی ئەمریکا و عێراق بوو بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا، چونکە باوەڕم وایە دەکرا رێگری لە کارەساتی سەرهەڵدان و هەڵکشانی داعش بکرێت، ئێستاش پێموایە دەکرێت ئەمریکا

**دەستتێوەردانی رووسیا لەسووریادا بۆتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی حەتمی رووسیا ببێتە لایەنێک لە هەر گفتوگۆ و دانوستاندنێک لە بارەی قەیرانی سووریاوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانیشەوە هەبێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا بە چ بارێکدا دەشکێتەوە**

دریژە بە بوونی خۆی لە عێراقدا بدات، ئەوەش دەبێت درێژەپێدانێکی بنیادنەرانە بێت و لەسەر خواستی حکومەتی عێراق بێت.

*** پێتوایە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست عێراق و سووریادا لە دوای تێکشکاندنی داعش چۆن دەبێت؟ ئایا پێتوایە پتر خۆی لە تێوەگلان لە کاروباری ئەم دوو وڵاتە بەدوور دەگرێت، یاخود پابەند دەبێت بە کارکردن بۆ هێنانەدی سەقامگیری تێیاندا؟**

- لە راستیدا من ناتوانم لە بری ئیدارەی ئەمریکا قسە بکەم و ناشتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە ئایا چ سیاسەتێك دەگرێتەبەر لەم رووەوە، پێموایە دەبێت ئەم پرسیارە رووبەرووی بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا خۆیان بکەنەوە.

*** با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، زۆرێك لە شرۆڤەکاران دەڵێن ئەمریکا خۆی لە کاروباری ناوچەکە بە دوور گرتووە و لە دەرئەنجامدا بۆشایی جێهێشتووە کە هێزە جیهانی و ئیقلیمییەکانی وەك رووسیا و ئێران سوودیان لێوەرگرتووە، ئایا ئەمە تا چەند شرۆڤەکردنێکی وردو دروستە؟**

- لە راستیدا ئەوەی من دەتوانم بیڵێم لەم بارەیەوە ئەوەیە کە بە بەراورد بە ئیدارەی پێشووتر ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ئێستادا هەوڵ و کۆششی سەختتری خستۆتەگەڕ لە شەڕی دژ بە داعش و پتر لەسەر تێکشکاندنی ئەو رێکخراوە پێداگیری دەکات.

*** ئایا دەستتێوەردان و دەستڕۆیشتوویی هەردوو وڵاتی رووسیا و ئێران لە سووریادا نەبۆتە هۆی ئەوەی هیچ چارەسەرێکی سیاسی لەو وڵاتەدا بە بێ بەشداری و رەزامەندیی رووسیا و ئێران نەکرێت؟**

- ئاشکرایە کە دەستتێوەردانی رووسیا لەسووریادا بۆتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی حەتمی رووسیا ببێتە لایەنێك لە هەر گفتوگۆ و دانوستاندنێك لە بارەی قەیرانی سووریاوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانیشەوە هەبێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا بە چ بارێکدا دەشکێتەوە.

*** باشە پێتانوانییە ئێران پتر کاریگەرو دەستڕۆیشتووترە لە ناوچەکەدا بەراورد بە رووسیا، بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین ئێران تەنها لە وڵاتی سووریادا دەستڕۆیشتوو نییە، بەڵکو هێزێکی کاریگەرە لە عێراق و لوبنان و یەمەنیشدا؟**

- من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە پێی وایە ئێران سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخ و پەرەسەندنەی لەئارادایە، بەتایبەتی کە ئێمە دەبینین سەرۆك وەزیرانی عێراقی هەوڵی بەهێزکردنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەدات لە ئاست ئێراندا. دواتر نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێران بەرژەوەندی خۆی هەیە و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، کە مەرجیش نییە لە بەدیهێنانیاندا سەرکەوتوو بێت. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەوەی پەیوەندی بە دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە هەبێت لە سووریادا، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین، چونکە پێشبینیکردنی رەوتی رووداو و پەرەسەندنەکان کارێکی زەحمەتە.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئێرانەوە دەمانەوێت پرسین ئایا پێتوایە ئیدارەی ترەمپ تا چ رادەیەك کۆشش و گوشارەکانی چڕدەکاتەوە لەسنووردانان بۆ کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی ئەگەر ئێوە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەی ئەمریکا بە خودی سەرۆك ترەمپ خۆیەوە هەمیشە ئێران تۆمەتبار دەکەن بەوەی هەوڵی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە دەدات؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، لە ئێستادا تەرکیزی ئیدارەی ئەمریکا لە سەر تێکشکاندنی داعشە.

*** وەك دواپرسیار ئایا گەشبینیت بە باشتربوونی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یاخود پێتوایە ناسەقامگیری و نائارامییەکان بەردەوام دەبن؟**

- من زۆر گەشبینم لە بارەی عێراقەوە، پێموایە خەڵکی عێراق لێوەشاوەن و خاوەن توانا و وزەیەکی زۆرن و دەتوانن بگەنە چارەسەرێك بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری و گەشەپێدانی وڵاتەکەیان. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێت، ئەوا دۆخەکە ئاڵۆزترە، لەبەر ئەوەی چەندنی لایەن تێوەگلاون، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێد دەکەم خەڵکی ئەو وڵاتەش بتوانن سەقامگیری و ئارامی و ئاوەدانی بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێننەوە.

**بە بەراورد بە ئیدارەی پێشووتر ئیدارەی سەرۆک ترەمپ لە ئێستادا هەوڵ و کۆششی سەختتری خستۆتەگەڕ لە شەڕی دژ بە داعش و پتر لەسەر تێکشکاندنی ئەو رێکخراوە پێداگیری دەکات**

**دەکرا رێگری لە کارەساتی سەرهەڵدان و هەڵکشانی داعش بکرێت، ئێستاش پێموایە دەکرێت ئەمریکا درێژە بە بوونی خۆی لە عێراقدا بدات، ئەوەش دەبێت درێژەپێدانێکی بنیادنەرانە بێت و لەسەر خواستی حکومەتی عێراق بێت**

# قۆناخی داهاتووی شەڕی دژ بە داعش

ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» لە عێراق و سووریادا ڕووبەڕووی شکستێکی زۆری مەیدانی دەبێتەوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی تازەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕێکخراوە زیاتر لە ٩٠٪ی ئەو داهاتەی لەدەستداوە کە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ کۆیدەکردەوە، ڕەوشی ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ رووی لە خراپی کردووە تا ئەو ڕادەیەی هەندێ هێرشی تیرۆریستی ئەنجامداوە کە پەیوەندییان بەوەوە نەبووە، داعش دەرکردنی هەندێ لەو گۆڤارە ئەلیکترۆنییانەی خۆی ڕاگرت کە هۆکاربوون بۆ ناساندنی ئەم ڕێکخراوە لەسەر ئاستی جیهاندا، بەڵام سەرەڕای ئەو شکستانەش، ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوا ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە هەڕەشەکانی داعش بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە کورتی دەڵێت: تا ئێستاش ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» مایەی مەترسیی گەورەیە بۆ سەرانسەری جیهان.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لەئێستادا ڕێکخراوی داعش وەك دەستەیەکی تۆڕی جیهانی کاردەکات کە ڕیزبەندییەکی ئاسۆیی هەیە و کەمترین دەسەڵاتی کردەیی بەسەر گرووپەکانیدا هەیە، لە ڕووی کردەنییەوە مانای وایە ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانی زیاتر پشت بە کەسانێك یان بە هەندێ گرووپی خۆی دەبەستێت، تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت، وێڕای پێگە موشەفەرەکان و ئەنتەرنێتی ڕەش بۆ پەیوەندیکردن بە لایەنگران و گرووپەکانی لە ناوچەکەدا.

گەشتیارانی شکستخواردوو - واتا ئەوانەی لە سەفەرکردن بۆ ناوچە کێشەدارەکان شکستیان هێناوە، کە تا ئێستاش توندڕۆن- هەروەها چەکدارە بیانییەکان کە گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان و ئەوانەیشی کە چوونەتەوە شوێنەکانی تازەی شەڕەوە، ئەمانە هەموویان بۆ ڕێکخراوی داعش مایەی بایەخن کە هەر کاتێك شەڕکەرانی کەمببنەوە، لە هەمان کاتدا ئەندامانی هەردوو ڕێکخراوی «داعش» و «ئەلقاعیدە» ئامادەن پشتیوانیی لە یەکدی بکەن لە کاتی هێرشەکانیاندا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئاستێکی لەیەکدی نزیکبوونەوە لەنێوان هەردوو ڕێکخراودا هەیەو لەگەڵ کاتیشدا زیاتر دەبێت.

بەڵام بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان گرووپەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، هاوکات پشتگیریی لایەنگرو هاوسۆزەکانی لەسەر ئاستی جیهاندا، پێویستییان بە پارەو دارایی هەیە، سەرەڕای لەدەستدانی داهاتی بیرە نەوتییەکان، بەڵام ڕێکخراوی داعش بەردەوامە لە دۆزینەوەی ڕێگای دیکە بۆ پارەدارکردنی چالاکییە تیرۆریستییەکانی.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوونە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» پارەو سامان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە سیستمی حەواڵە دەگوازێتەوە، هەروەها بەکارهێنانی ئەندامانی بۆ گواستەوەی پارەو سامان، ئەم سیستەمەشی پێش رووخانی خەلافەت هەر بەکاردەهێنا، بەڵام لە دورەوەی عێراق و سوریا، بۆنموونە لە لیبیا داعش لە ڕێگای سەرانەو خاڵەکانی پشکنینەوە پارە بەدەست دەهێنێت، هەروەها بە سەپاندنی باج بەسەر تۆڕەکانی قاچاخچێتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ. ڕێکخراوەکە سوود لە هەندێ کاری ڕەوا دەبینێت کە بە رووکەش وایان پیشان دەدات، هەروەها لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە گوایە دەستپاکن، ئەوانەش توانایان هەیە کە مامەڵە بکەن لە ڕێگەی سیستەمی فەرمیی داراییەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی لە ئارادان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، بەرپرسان ترسیان هەیە لەوەی

**ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانی زیاتر پشت بە کەسانێک یان بە هەندێ گرووپی خۆی دەبەستێت، تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت، وێڕای پێگە موشەفەرەکان و ئەنتەرنێتی ڕەش بۆ پەیوەندیکردن بە لایەنگران و گرووپەکانی لە ناوچەکەدا**



**ماسیۆ لیڤیت***

که ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بتوانێت فێڵ بکات لە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لە ئابووریی ناوخۆ، بە تایبەتیش لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیایانەی کە بە رووکەش کاردەکەن لە کەرتی بیناو هەندێ پیشەسازیی دیکە.

تائێستا ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسسلامی» توانای هەیە پارەی پێویستی دەست بکەوێت بۆ پاڵپشتی کردەوە تیرۆریستییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەیدا دوورتر لە سووریاو عێراق، لە یەمەنیش بە گوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکە تێکچوونی بارودۆخی ئەمنیی قۆستۆتەوە بۆ پلانرێژی و ئاراستەکردن و هاندان و بەکارهێنانی داهات و بەسەربازیکردنی خەڵك بۆ ئەنجامدانی هێرش دژی دەوڵەتانی ناوچەکە. لە سعودییەش دەسەڵاتی ئەو وڵاتە شکستی بە پیلانێك هێنا کە ئامانجی تەقاندنەوەی وەزارەتی بەرگری بوو لە ریاز.

لە میسر، هاوسۆزانی ڕێکخراوی داعش بەردەوام هێرش دەکەنە سەر قبتییەکان، دواترینیان ئەوە بوو کە بەرپرسیارێتیی خۆی ڕاگەیاند لە هێرشەکەی دەرەوەی کەنیسەی قبتی لە قاهیرە لە کانوونی یەکەمی ڕابردوودا، کە بە لای کەم کوشتنی ١٢ کەسی لێکەوتەوە، ڕێکخراوی» دەوڵەتی ئیسلامی «هەوڵدەدات ئەوە پیشان بدات کە چالاکییەکانی لە سەر ئاستی ئیقلیمیدا بەیەکەوە بەستراون، نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرنجی ئەوە دەدات کە ڕێکخراوەکانی سەر بە «دەوڵەتی ئیسلامی» لە ئەفریقیا لەوانەش گرووپی «بۆکۆحەرام» چەکدارانی بۆ لیبیا ڕەوانەکردووە، سەرکردەیەکی دیاری ڕێکخراوی داعشیش لە لیبیا بۆتە ئەندام لە ئەنجومەنی شورای ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی لە سینا»ی میسر.

لەوە زیاتر، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریانخستووە کە ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» ی دایك لە میانی گەمارۆی سەر شاری «میراوی»دا پارەی بۆ لقی خۆی لە فلیپین دابینکردووە، ڕاپۆرتێکی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: گرووپەکانی باشووری فلیپین سەدان هەزار دۆلاریان لە «ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی» ی دایك و لە ڕێگەی دەوڵەتێکی سێیەمەوە بەر لە گەمارۆکە وەرگرتووە.

سەرەڕای ئەو وێنە تاریکەش، بەئامانجگرتنی ناوەندی یەکەمی ڕێکخراوی داعش و بەکارهێنانی داتای بایۆمەتری و هاوکاریی بەردەوامی دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان چاکترین وەڵامدانەوەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تواناو هەڕەشەکانی ڕێکخراوەکە. لەکاتێکیشدا تائێستا هەندێ گرووپی لۆکاڵی لە ئەفغانستان بۆ نموونە، پارەو کۆمەك لە ڕێکخراوی دایکەوە وەردەگرن، هەروەها ڕێکخراوەکە هانی گرووپە لۆکاڵییەکان دەدات کە هەر لەنێوخۆیاندا کۆمەکی چالاکییەکانیان بکەن، هەرچەندە ئەوانە بەبێ پارەو کۆمەکی ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی «ی دایك زەحمەتە بەردەوام بمێننەوە.بەڵام کۆمەك و یارمەتیی ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» لە یەمەن بۆ لایەنگرانیان لە سۆماڵ سنووردارەو ناکرێ پشتی پێ ببەسترێت. تائێستا ڕێکخراوی داعش هەڕەشەیەکی تیرۆریستی مەترسیدارە، بەڵام لەگەڵ کاتدا تواناکەی سنووردار دەبێت و متمانەی پاڵپشتیی دارایی بۆ لق و چالاکییەکانی لەدەست دەدات، کە ئەمەش هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی درووستدا

**تائێستا ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسسلامی» توانای هەیە پارەی پێویستی دەست بکەوێت بۆ پاڵپشتیی کردەوە تیرۆریستییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەیدا دوورتر لە سووریاو عێراق، لە یەمەنیش ڕێکخراوەکە تێکچوونی بارودۆخی ئەمنیی قۆستۆتەوە بۆ پلانرێژی و بەکارهێنانی داهات و بە سەربازیکردنی خەڵک بۆ ئەنجامدانی هێرش دژی دەوڵەتانی ناوچەکە**

---

***ماسیۆ لیڤیت:** *هاوڕێی فرۆمەر- وێکسلەرە و بەڕێوەبەری بەرنامەی ستاینە بۆ هەواڵگری و نەهێشتنی تیرۆر لە پەیمانگەی واشنتۆن. ئەم وتارەشی لە پێگەی (الحرة) بڵاوکراوەتەوە.*



**محەمەد کەمال**

**سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک:**

# کاتێک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراقمان نەکرد، دەبوو یەک لیست بین بۆ ئەوەی دەنگی کوردستان بەفیڕۆ نەچێت

# ئەوانەی هاوکاریی هێنانی سوپای عێراق بوون بۆ کەرکووک نامۆ و بێدەسەڵاتن لەو شارەدا

**کەرکووك بەدۆخی نایاسایی و نائاساییدا تێپەڕدەبێت و پرۆسەی تەعریب لەو پارێزگایە دەستی پێکردۆتەوە؛ ئەمە لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کورد لەم شارەو لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارەبوون، سەبارەت بەم پرسە و چەند بابەتێکی تری پەیوەندار چەند پرسیارێکمان ئاراستەی محەمەد کەمال سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کرد. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** چۆن لە دۆخی ئێستای کەرکووك دەڕوانن، بەتایبەتی کە ئێستا بە شارێکی داگیرکراو دادەنرێت؟ بۆچی دۆخی ئەو شارە بە نائاسایی و نایاسایی دادەنرێت؟**

- لە راستیدا هۆکاری نایاسایی بوونی دۆخی شاری کەرکووك ئەوەیە کە بە پێی ماددەی ٩ی دەستوور نابێت هیچ لایەك لەشکرکێشی بکاتە سەر هاووڵاتییان و شارەکانی وڵاتەکە، کەواتە نایاسایی بوونەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە عەبادی لەشکرکێشی کردە سەر شاری کەرکووك و پێشێلکاریی دەستووری کردووە لەو رووەوە، بۆیە دۆخەکە کەوتە ژێر رکێفی حەشدی شەعبی و دژە تیرۆر و پۆلیسی ئیتیحادی، لە کاتێکدا نەدەبوو ئەم کارە بکرێت، چونکە هیچ یاخیبوونێك لە کەرکووك لە ئارادا نەبوو. ئەو حاڵەتەشی کە هەبوو دەکرا بە گفتوگۆ چارەسەر بکرایە. دواتر پرسی هەڵکردی ئاڵا و ئەنجامدانی ریفراندۆم لەم شارەدا دەرئەنجامی نەمانی متمانە بوو لە نێوان کەرکووك و حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی، چونکە بە پێی دەستوور دەبوایە ماددەی ١٤٠ لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێ بکرایە، کەچی سەرۆك وەزیرەکانی عێراق، بە ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیکی و حەیدەر عەبادییەوە هەرهەموویان گرەویان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم ماددەیە نابێت جێبەجێ بکرێت. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی و سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزی لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان. کە کەرکووکیش بە چەقی ئەو ناوچانە دادەنرێت. ئەوە بوو دۆخی کەرکووك ئاڵۆز بوو، ئێستاش شاری کەرکووك و بگرە ماڵەکانیشمان داگیرکراوە، بۆ نموونە لە ئێستادا حەشدی شەعبی دەستی بە سەر ماڵەکەی من و کاك عیرفاندا گرتووە کە هەردووکمان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکین. کەواتە دۆخی شارەکە ئیفلیج کراوە و شارەکە داگیرکراوە و ئەوە چوار مانگە ئەنجومەنی

**پەرلەمانی عێراق بە سیاسی کراوەو تاقمێکی دیاریکراو دەستی بەسەردا گرتووەو بڕیاریش لە دەستی ئەم تاقمەیە کە ئێستا حوکمڕانیی بەغدا و عێراقە، بۆیە من باوەڕ ناکەم ئەم پەرلەمانە بتوانێت بڕیاری دروست بدات**

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە دۆسێی کەرکووک خورماتوو زۆر کەمتەرخەمە، تەنانەت راپۆرتەکەیان باسی ئەو پێشێلکارییانە ناکات کە لە دوزخورماتودا دەرهەق بە کورد کراون**

**کاتێک کورد بەم لێکترازاوی و پەرتەوازەییە دەچێتە بەغدا، ئەوا عەبادی لەگەڵ کێدا مامەڵە بکات؟ کەواتە ئەوە نارێکیی ناوماڵی کوردە کە پێگەی کوردی لاواز کردووە**

پارێزگای شارەکە ناتوانێت کۆببێتەوە، چونکە زۆربەی ئەندامەکانی لە دەرەوەی ئەم شارەن و لە حاڵەتی گەڕانەوەیاندا ڕووبەڕووی مەترسیی ئەمنی دەبنەوە، هەروەها پارێزگار لەو شارەدا نییە و یاسا باڵادەست نییە تێیدا.

*** ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر چەند ئاکام و دەرهاویشتەیان لێکەوتەوە، کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی بریتی بوو لە دروستبوونی ناکۆکی و دابەشبوون لەناو هەموو لیستەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، دەکرێت باسێکی ئەوەمان بۆ بکەیت؟**

- لە ڕاستیدا دابەشبوونی ڕاوبۆچوون لەناو هەموو لیستەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك هەیە، بەتایبەتی لەناو لیستی بەرەی تورکمانی، تەنانەت دوو لە ئەندامەکانیان لیستێکی نوێیان جیاکردۆتەوە، عەرەبەکانیش بەهەمان شێوە دابەشبوونیان لەنێواندا هەیە، هەرچی لیستی برایەتی هەیە، ئەگەرچی ڕاوبۆچوونی جیاوازمان لەسەر بارودۆخی شاری کەرکووك هەیە، بەڵام لەناوخۆماندا دابەشبوون و ناکۆکی نییە.

*** باسی ئەوەت کرد کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ریفراندۆم پاساوێك بوو بۆ ئەم داگیرکارییە؛ ئایا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك پێشوەختە زانیاریتان لەسەر ئەم لەشکرکێشییە هەبوو؟**

- من نامەوێت بچمە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام من لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ ڕێکخراوی داخی هۆڵەندی گفتوگۆم کردووەو پێموتن ئازادکردنی حەویجە بۆ دوای موسڵ دوادەخرێت بۆ مەبەستی زیانگەیاندن بە کوردیش دوا دەخرێت و ئەوان چاویان لە کەرکووکە. کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو سوپایەی عەبادی هێناویەتیە کەرکووك تا ئێستا پاکسازی حەویجەی نەکردووە. بەڵکو ئەو هێزە تەنیا بە ڕێگەی قیرتاو و بە ناو قەزا و ناحییەکانی حەویجەدا تێپەڕیون. باشترین بەڵگەش لەم ڕووەوە کوژرانی لیوا ئەنوەر محەمەد دانوك و رائیدێکی دیکەیە کە لەم ڕۆژانەی دواییدا ڕوویاندا. کەواتە سوپای عێراق پاکسازی ئەو ناوچانەی نەکردووە، بەڵکو هاتۆتە کەرکووك و پاکسازیی کوردی کردووە لەم شارەدا نەك پاکسازیی داعش. ئەوەتا هێشتا ناوچەی ریاز و ڕەشیدیە و عەباسی و زابیش پاك نەکراونەتەوە و ئێستاش مەترسیی داعشیان لەسەر هەیە. ئەوەی ئێستاش لە کەرکووکدا بوونی هەیە وەك حەشدی شەعبی و فیرقەی ئاڵتوونی و دژە تیرۆری بەغدا، خۆیان بە خاوەنی کەرکووك نازانن، ئەمەش دۆخێکی نائارام و ناسەقامگیری دروست کردووە لە ناو شاری کەرکووکدا، چونکە ڕۆژانە هەڵکوتانەسەر ماڵان ڕوودەدات و پارە لە خەڵك دەسەندرێت.

*** لەناو ئەم هەموو پێشێلکاری و دژایەتییانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی بوونەتە ئامانجی سەرەکی؛ ئایا بۆ لەکاتێکدا بینایەی هەموو حزبەکانی تر لە کەرکووك ماوە، کەچی بینایەی سەرکردایەتی و لق و ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سووتێنراوە و داگیرکراون؟**

- بەداخەوە ئەوانەی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی هاوکارییان کرد، گرووپێك بوون لەناو یەکێتی نیشتمانی، نەك هەموو یەکێتی، ئەو گرووپەش ویستیان پارتی لە کەرکووك شار بەدەر بکەن، بەڵام ئێستا دەبینین خۆیان نامۆن لەم شارە و بێدەسەڵاتن لە شارەکەدا. ئەو کەسانەشی ئەم کارەیان کرد، خیانەتیان کرد لەبەرامبەر بڕە پارەیەکدا، کە حکومەتی ئیتیحادیش ئەو پارەیەی پێداون لەبەر ئەوە ناتوانن حکومەتی ئیتیحادی لەو شارە دەربکەن. کەواتە ئەوان پیلانیان لە دژی پارتی گێڕا، کە دواتر بووە پیلانگێڕی لە دژی کورد. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکەین بۆ پارتی کرایە ئامانج، ئەوا هۆکارەکەی ئەوە بوو کە پارتی پێداگیری لەسەر ریفراندۆم دەکرد و داکۆکی لە ئامانجە نەتەوەییەکان دەکرد و هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی بوو. چونکە لقی پارتی و مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووك تەنیا ١٠٠ مەترێك لە یەك دوورن، بە هەمان شێوە سەرکردایەتی پارتی و بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەو شارە، کە دەبینین بارەگاکانی پارتی سووتاون و داگیرکراون، بەڵام ئەوانەی یەکێتی خۆیانی تێدان، بەڵام بێدەسەڵاتن.

*** پارتی لەبەر ئەوەی شاری کەرکووکی**

**بە شارێکی داگیرکراو داناوە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی لەو پارێزگا کوردستانییە کردووە؛ ئەمە لەکاتێکدا حزبی دیکەی کوردستانی هەیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی نەکردووە، خوێندنەوەتان بۆ ئەمە چۆنە؟**

- بارودۆخی نێوماڵی کورد بارودۆخێکی نەخوازراوەو کەس ئیرەیی پێ نابات، بەداخەوە نێومالی کورد لێکترازاوە، بە بۆچوونی من دەبوایە هەموو حزبەکان بە یەکدەنگ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراقیان بکردایە لە سەرجەم پارێزگاکاندا، بە هەولێر و دهۆك و سلێمانیشەوە. کە بایکۆتیشیان نەکرد، دەبوو لە ناوچە دابڕاوەکان بە یەك لیستی هاوبەش بەشدارییان بکردایە.

*** هەروەك دەزانن لە دەرئەنجامی دۆخی خراپی کەرکووك خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون، ئایا پێتوایە حزبە کوردستانییەکان لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بوون لە بەرامبەر ئەو ئاوارانەدا؟**

- من پێم وایە ئەمڕۆ سەرجەم حزبە کوردستانییەکان بە حزبەکەی خۆشمەوە بەرامبەر خەڵکی ئاوارەی کەرکووك کەمتەرخەمن، دواتر هەر جارەو چەند کەسێك لە حزبە کوردستانییەکان سەردانی عەبادی دەکەن و ئەویش دەزانێت ئەو کارانە بۆ موزایەدەیە، بۆیە هەر بەو جۆرە رەفتار دەکات کە دەیبینین، لەمەشدا کورد خۆی خەتابارە، چونکە کاتێك کورد بەم لێکترازاوی و پەرتەوازەییە دەچێتە بەغدا، ئەوا عەبادی لەگەڵ کێدا مامەڵە بکات؟ کەواتە ئەوە ناڕێکیی ناوماڵی کوردە کە پێگەی کوردی لاواز کردووە.

*** سەبارەت بە پرۆسەی تەعریب لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە؛ ئایا دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئەمجارەی تەعریب چ مەترسییەکی لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم هەیە؟**

- دەتوانم بڵێم لەساڵی ١٩٣٠ەوە دوای پرۆژەی حەویجە کەرکووك بەر شاڵاوی تەعریب کەوتووە، دواتر ئەم شاڵاوە بەردەوام بوو، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٧٥ کە تەعریب لە کەرکووك و دەوروبەری گەیشتە لوتکە، بەڵام لە ٢٠٠٣ بۆ ماوەیەك ئەو پرۆسەیە خاو بۆوە، بەڵام لە ئێستادا و لە غیابی شەرعییەت لەم شارەدا تەعریب دەستی پێکردۆتەوە.

*** لەلایەن unـەوە لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی پێشێلکاری و کۆمەڵکوژی لەخورماتوو پێکهێنراو کار لەسەر پێشێلکارییەکانی کەرکوکیش دەکات؛ ئایا کارەکانی ئەو لیژنەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە راستیدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە دۆسێی کەرکووك خورماتوو زۆر کەمتەرخەمە، تەنانەت راپۆرتەکەیان باسی ئەو پێشێلکارییانە ناکات کە لە دوزخورماتودا دەرهەق بە کورد کراون، وەك دەستدرێژیکردن و داگیرکردنی ماڵان و دوکان و کارگە و کافتریا و چێشتخانەکان. دوای ئەوەش شەرمەزار بوون و گلەییەکی زۆریان لێکرا، هەڵساون بە دروستکردنی لیژنەیەك، کە لیژنەیەکی لاوازە. هەروەها من باوەڕم وانییە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچی پێ بکرێت، ئەوان لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە باس لە فەلەستین دەکەن، ئایا تا ئێستا چییان بۆ کردووە؟

*** هەر سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی بەغدا دەرهەق بەگەلی کورد؛ ئەوەتا ئێستا عەبادی لە پرۆژە یاسای بودجەدا پشکی هەرێمی کوردستانی کەم کردۆتەوە، ئایا ئێوە وەکو لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك هیچ ئومێدێکتان بەو پەرلەمانە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووك و گەڕانەوەی ئاوارەکان؟**

- پەرلەمانی عێراق بە سیاسی کراوەو تاقمێکی دیاریکراو دەستی بەسەردا گرتووەو بڕیاریش لە دەستی ئەم تاقمەیە کە ئێستا حوکمڕانیی بەغدا و عێراقە، بۆیە من باوەڕ ناکەم ئەم پەرلەمانە بتوانێت بڕیاری دروست بدات.

*** بە رای تۆ چارەسەر چییە و دەبێت چی بکرێت؟**

- من پێموایە چارەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆیە لەگەڵ بەغدا، هەرچەندە بەغدا دەستی دەکات و ئامادە نییە بۆ گفتوگۆ، بەڵام دەبێت سەرەتا ئەم رێگایە تاقی بکەینەوە، ئەگەر هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەوا رێگای دیکە زۆرە بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخەی کە ئێستا لە کەرکووك لەئارادایە.

**ئەوانەی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی هاوکارییان کرد، گرووپێک بوون لەناو یەکێتی نیشتمانی، نەک هەموو یەکێتی، ئەو گرووپەش ویستیان پارتی لە کەرکووک شار بەدەر بکەن**

**حەشدی شەعبی دەستی بە سەر ماڵەکەی من و کاک عیرفاندا گرتووە کە هەردووکمان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکین. کەواتە دۆخی شارەکە ئیفلیج کراوە و شارەکە داگیرکراوە و ئەوە چوار مانگە ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە ناتوانێت کۆببێتەوە**

**دەبووایە ماددەی ١٤٠ لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێ بکرایە، کەچی سەرۆک وەزیرەکانی عێراق، بە ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیکی و حەیدەر عەبادییەوە هەرهەموویان گرەویان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم ماددەیە نابێت جێبەجێ بکرێت**



ئۆمری پاز خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە زانکۆی تەل ئەبیب بەدەستی دەهێناوە، لەئێستادا پرۆفیسۆری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی بن گۆریۆن، پێشتریش لە هەمان زانکۆ توێژەر بووە لە بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەنتەری حاییم هیرتزۆگ، بە هەمان شێوە توێژەر بووە لە زانکۆی عیبری لە قودس. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوونەتەئاراوە، هەروەها بۆ شرۆڤەکردنی ئەگەرەکانی ئایندەی ئەم ناوچەیەو چەند پرس و پێشهاتێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## ئۆمری پاز

### تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت لایەنێکی پەیوەندیدار بێت لە ناوچەکە نابێت تەماشاکار بێت

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ دوایین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایا چۆن لە ڕۆڵی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەڕوانیت؟**

- ئەگەر ئێمە لە وێنە گشتییەکە بڕوانین، ئەوا بەداخەوە ئەوەی بەدی دەکەین خۆبەدوورگرتنی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە دەرئەنجامدا بۆشاییەك لە گۆڕەپانەکەدا دروست بووە بۆ ئەوەی هێزەکانی دیکە پڕی بکەنەوە، بەتایبەتی هەردوو وڵاتی تورکیا و ڕووسیا. لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە ناسەقامگیری باڵی کێشاوە بەسەر چەندین بەشی ئەم ناوچەیەدا، کە بەداخەوە ئەوەی دەیبینین بریتییە لە بوونی ئەو ئایدیۆلۆژییانەی کە پاساو بۆ بەکارهێنان و پەنابردنەبەر توندوتیژیی سیاسی دەهێننەوە، کە لە ئێستاشدا ئەوانە بوونەتە پاڵنەری ئەوەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت.

*** ئەو دەرئەنجامەی لە وەڵامەکەی ئێوە دەتوانین بەدەستی بهێنین، ئەوەیە کە پاشەکشەی ئەمریکا لەم ناوچەیەو لەپاڵ بوونی هەندێ هۆکاری ناوخۆیی پێکەوە سەریان کێشاوە بۆ**

**ئەوەی هەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم ئاست و ئەندازەیە ئاڵۆز بێت، ئایا ئەمە لێکدانەوەو شرۆڤەیەکی دروستە بۆ بارودۆخەکە؟**

- با من بەم شێوەیە گوزارشتی لێبکەم، ئەگەر ئێمە حاڵەتێك، یان بارودۆخێكمان هەبێت کە دوو هێزی مەزن هەبن و بەرژەوەندی و بۆچوون و تێڕوانینی لێك جیاوازیان هەبێت، ئەوا جۆرێك لە هاوسەنگی دێتەئاراوە، بەڵام کاتێك تەنیا هێزێکی باڵادەست (سوپەر پاوەرێك) لەئارادا بێت، ئەوا دەتوانێت هەر کارێك ئەنجام بدات و ئەو کاتە تەنیا پشت بە هێزی خۆی دەبەستێت.

*** کەواتە ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە کشانەوەی ئەمریکا لەم ناوچەیە هۆکارێك بووە بۆ لاوازکردنی سیستمی ئەمنی ئیقلیمی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەمریکا پارێزەرو بەرگریکاری ئەم سیستەمە ئەمنییە بوو، بەڵام با پرسیارەکە روونتر بکەین ئایا بۆچی ئەمریکا دەیەوێت خۆی لە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیە بە دوور بگرێت؟**

- ئێمە دەزانین پێشتر ئەمریکا دەستتێوەردانی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا کرد، دوو جار شەڕی لەگەڵ عێراقدا کرد، هەروەها دەستتێوەردانی لە ئەفغانستانیشدا کرد، کە زیانێکی زۆریشی بەخۆی گەیاند، لە ئێستاشدا ئەمریکا دەیەوێت خۆی لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان بەدوور بگرێت، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لایەنێکی پەیوەندیدار بێت لەو بارودۆخەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت، ئەوا ناتوانێت خۆی بەدوور بگرێت و تەماشاکار بێت.

*** کەواتە لەم حاڵەتەدا دەبێت چی بکرێت؟ ئایا دەبێت چ هێزگەلێك جڵەوی دەستپێشخەری بگرنەدەست و هەوڵێکی راستەقینە بدەن بۆ ئەوەی دۆخەکە ئارام بکەنەوەو زەمینەسازی بکەن بۆ هێنانەئارای چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکانی ئەم ناوچەیە؟ ئایا پێتوانییە یەکێتیی ئەوروپا بتوانێت رۆڵی هەبێت لەم رووەوە، یان بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم رووەوە بە ئەرکی خۆی هەڵناسێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە یەکێتیی ئەوروپاوە هەبێت، ئەوا ئەم یەکێتییە قەوارەیەك نییە کە سیاسەتێکی دەرەکیی هاوبەشی هەبێت. ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆی ئەدا ناکات، ئەوا لە ئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکان قەوارەیەکی دەستەوەستان و دەستەپاچەیە و ناتوانێت هیچ شتێك بسەپێنێت. لەبەر ئەوە دەبینین دۆخەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێکە کە ئەوەتا رووسیا دەستتێوەردان دەکات، تورکیاش بەرژەوەندیگەلێکی دیاریکراوی هەیە لە ناوچەکەدا، هەروەها دەبینین ئێرانیش رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ناوچەکەدا، لە سووریا و لوبنان، کە هەموو ئەمانەش چەند پەرەسەندنێکن کە دەبێت چاودێرییان بکەین، بەڵام لە راستیدا لەم ساتەوەختەدا ئێمە نازانین رەوتی رووداو و پەرەسەندن و پێشهاتەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن. بەڵام هەر چۆنێك بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێران و تورکیا و رووسیا دەتوانن کۆتایی بە توندوتیژی بهێنن لەم ناوچەیەدا؟ من خۆم دڵنیانیم لەوەی بتوانن.

*** ئێوە ئاماژەتان بە کشانەوەی ئەمریکا کرد لەم ناوچەیەدا، ئایا پێتانوایە ئەمریکا بە مەبەست ئەم کارەی کردووە، واتە بۆ ئەوە بووە کە هەندێ لە وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، وەك سعودیە و ئیسرائیل بتوانن رۆڵ و کاریگەرییەکی زیاتریان هەبێت لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی بایەخە، چونکە هەردوو وڵاتی سعودیە و ئیسرائیل لەم ناوچەیەدا لە پێگەیەکی باشدان، لە رووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی باشدان، بەڵام من پێموایە ئەگەر هەوڵبدەن رۆڵێکی گەورەتر ببینن لەم ناوچەیەدا، ئەوا رەنگە زیان بەو دۆخە باشەی خۆیان بگەیەنن. هەروەها من باوەڕم وایە ئەم دوو وڵاتە پتر نیگەرانن لەو پەرەسەندنانەی لە نزیك سنوورەکانیانەوە روودەدەن، واتە ئەگەر لەم رووەوە دڵنیا بن، ئەوا پێشبینی ناکەم دەست بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێکی دیکە ببەن. با بە شێوەیەکی روونتر گوزارشتی لێبکەن، هەتا ئەو کاتەی ئێران هەوڵبدات خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل یان سعودیە لابدات، ئەوا بە تێڕوانینی من نە سعودیە و نە ئیسرائیل هیچ هەنگاو و کردارێك ناگرنەبەر.

دەبێت کێشەی کورد و تورکیا بە جیا وەربگرین، هەروەها کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، بە هەمان شێوە کێشەی ئەفغانستان، واتە نابێت هەوڵ بدەین کە چارەسەرێکی گشتگیر بۆ سەرجەم کێشەکان بگرینەبەر

ئەمریکا لە ئێستادا تەرکیزی لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو پتر بە ئاراستەی ناوخۆیی وڵاتەکەیە، لە بواری دەرەکیدا سەرنجەکان زیاتر لەسەر وڵاتی چین، یان کۆریای باکوورە

**هەتا ئەو کاتەی ئێران هەوڵبدات خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل یان سعودیە لابدات، ئەوا بە تێڕوانینی من نە سعودیە و نە ئیسرائیل هیچ هەنگاو و کردارێک ناگرنەبەر**

*** لـە وەڵامەکەتـدا باسـت لـەوە کـرد کـە ئەولەوییەتی سەرەکیی هەر یەکە لە وڵاتی سعودیە و ئیسـرائیل پاراسـتنی سـنوورەکانیانە، بـەڵام ئێمـە دەزانیـن بەهـۆی پەرەسـەندنەکانی شـەڕی ناوخۆیـی سـووریاوە، چەندیـن میلیشـیای شیعە لـەو وڵاتـەدا هـەن کـە لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتیوانییان لێدەکرێـت و لـە ئێسـتادا هەندێکیـان لـە نزیـك سـنوورەکانی ئیسـرائیل جێگیرکـراون، ئایـا ئەمـە هەڕەشـەیەکی ئەمنـی نییـە بـۆ سـەر ئیسـرائیل؟**

- مـن دەڵێـم ئێـران دەزانێـت دەبێـت چ نـەکات بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئیسـرائیل لابـدات، کەواتـە تاوەکـو ئێـران کارێـك نـەکات کـە ببێتەهـۆی ئیسـتفزازکردنی ئیسـرائیل، ئـەوا ئیسـرائیل کاردانـەوەی نابێـت. واتـە تاوەکـو ئێران شـەڕی داعـش، یـان رێکخراوە هاوشـێوەکانی دیکـە بـکات، ئـەوا پێموانییـە ئیسـرائیل بـەو ئەندازەیـە نیگـەران بێـت. لەبـەر ئـەوە دەتوانیـن بڵێیـن تاوەکـو دۆخەکـە بـەم شـێوەیە بێـت، ئـەوا ئیسـرائیل گرفتێکـی ئەوتـۆی نابێـت لەگەڵیـدا، لەلایەکـی دیکـەوە پێموایـە ئیسـرائیل پێشـبینی ئـەوە دەکات هـەر کاتێـك کـە ئەسـەد کۆنتـرۆڵـی وڵاتەکـەی کـردەوە، ئـەوا ئـەم هێزانـە لـەو وڵاتـەدا پاشەکشـە دەکـەن.

*** بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتوانیـن بڵێیـن ئێـران توانیویەتـی پـەرە بـە دەسترۆیشـتوویی خـۆی بـدات لـە وڵاتـی سـووریادا و توانیویەتـی پێگـەی خـۆی لـەو وڵاتـەدا بچەسـپێنێت، واتـە سـوودمەندی سـەرەکی لـە قەیرانـی سـووریا ئێـران بـووە؟**

- پێموایـە ئەمـە تـەواو دروسـتە، چونکـە ئێـران لـە سـایەی ئـەو هەلومەرجـەدا بـە چەشـنێك پـەرەی بـە دەسترۆیشـتوویی خـۆی داوە کـە پێشـتر نەیدەتوانـی ئـەم کـارە بـکات.

*** ئایـا هـەر ئەمـەش هـۆکاری ئـەوە نییـە کـە ئیـدارەی ترەمـپ هەمیشـە ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە کـە لـە ئێسـتادا ئێران بۆتـە سـەرچاوەی ناسـەقامگیری لـە ناوچەکـەدا، چونکـە دەسـتتێوەردان لـە کاروبـاری چەنـد وڵاتێکـی گرنگـی ئـەم ناوچەیـەدا دەکات؟ ئایـا پێتوایـە ئیـدارەی ئەمریـکا چـۆن بەرەنـگاری ئـەم دەسترۆیشـتووییەی ئێـران دەبێتـەوە؟**

- لـەو بـاوەڕەدا نیـم کـەس بتوانێـت پێشـبینی ئـەوە بـکات کـە ترەمـپ ئەنجامـی دەدات، واتـە چەنـد ورد دەبینـەوە لـە لێدوان و کردارەکانـی، ئـەوا ناتوانیـن هیـچ پێشـبینییەك بکەیـن لەبـارەی هەنـگاوی داهاتووی ترەمپەوە. دوای ئەوە زۆرجار بارودۆخەکە گرتنەبەری سیاسـەتێك، یـان هەڵوێستێکی دیاریکراو دەسـەپێنێت، بـۆ نموونـە کاتێـك جـۆرج بوشـی کـوڕ دەسـەڵاتی گرتەدەست، بەڵێنـی دا کـە خـۆی بـەدوور دەگرێـت لـە کاروبارەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـەڵام ئـەوە بـوو ١١ی سـێپتەمبەر روویـدا و بینیمـان کـە چـی بـەدوادا هـات. کەواتـە پرسـیارەکە ئەوەیـە چ شتێك روودەدات کە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمریکا کاردانـەوەی هەبێـت لـە بەرامبەریـدا. هەرچۆنێـك بێـت، پێموایە ئەمریـکا لە ئێسـتادا تەرکیـزی لەسـەر ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نییـە، بەڵکـو پتـر بـە ئاڕاسـتەی ناوخۆیـی وڵاتەکەیـە، لـە بـواری دەرەکیـدا سـەرنجەکان زیاتـر لەسـەر وڵاتـی چیـن، یـان کۆریـای باکـوورە.

*** پێشـبینییەکانت بـۆ ئاییـندەی ئـەم ناوچەیـە چیـن؟**

- مـن شەخسـی خـۆم تەمەننـای ئـەوە دەکـەم کـە توندوتیـژی بوەسـتێت و کۆتایـی پـێ بێـت، چونکـە ئەگـەر تـۆ لـە دۆخـی خەڵکـی ناوچەکـە بڕوانیـت، دەبینیت لـە رەوشـێکی زۆر خراپدا دەژیـن کـە خزمەتگوزارییەکانـی وەك ئـاو و چاودێـری تەندروسـتییان بـۆ دەسـتەبەر نەکـراوە و تـا ئێسـتاش رووبـەڕووی مەترسـیی کاری خۆکـوژی، یـان هێرشـی گروپەکانـی دیکـە دەبنـەوە. بـەڵام پرسـیارە بنەڕەتییەکـەش بـە لای منـەوە ئەوەیـە چـۆن بتوانیـن ئـەو توندوتیژییـە بوەسـتێنین و کۆتایـی پـێ بهێنیـن و چـۆن ئـەم راگرتنـی توندوتیژییـەش بکەینـە زەمینەیـەك بـۆ هێنانەئـارای چارەسـەرێکی سیاسـیی درێژخایـەن لـە ئاینـدەدا. بـە تێڕوانینـی مـن ئـەو کاتـە دەتوانیـن بگەینـە چارەسـەرێك کـە سـیاق و هەلومەرجـی هـەر وڵاتێکمـان بـە تەنیـا لەبەرچاوگرت، واتـە دەبێت کێشـەی کـورد و تورکیـا بـە جیـا وەربگریـن، هەروەهـا کێشـەی فەلەسـتین و ئیسـرائیل، بـە هەمـان شـێوە کێشـەی ئەفغانسـتان، واتـە نابێـت هـەوڵ بدەیـن کە چارەسـەرێکی گشـتگیر بـۆ سـەرجەم کێشـەکان بگرینەبـەر. بەڵکـو هـەروەك ئامـاژەم پێکـرد، دەبێـت رەوش و تایبەتمەندییەکانـی هـەر هـەل و مەرجێـك بـە جیـا وەربگریـن و کار لەسـەر چارەسـەرکردنیان بکەیـن.

**ئەگەر ئێمە حاڵەتێک، یان بارودۆخێکمان هەبێت کە دوو هێزی مەزن هەبن و بەرژەوەندی و بۆچوون و تێڕوانینی لێک جیاوازیان هەبێت، ئەوا جۆرێک لە هاوسەنگی دێتەئاراوە، بەڵام کاتێک تەنیا هێزێکی باڵادەست (سوپەر پاوەرێک) لەئارادا بێت، ئەوا دەتوانێت هەر کارێک ئەنجام بدات و ئەو کاتە تەنیا پشت بە هێزی خۆی دەبەستێت**

# خۆتان حەلال و حەرامتان دیاری کردووە و من پۆلێنم نەکردووە

مامۆستا حوسێن شەبەکشی داوایکرد مۆزەخانەیەك دروست بکرێت تا ئەو شتانەی تێدا دابنرێت کە قەدەغە دەکران، یان حەرام دەکران، وەك: رادیۆ و تەلەفزیۆن و مەنجەڵ و کاتژمێرو ئامێری ناردنی برووسکە و ئۆتۆمبیل و پایسکل و سەرپۆشی سپی و خوێندنی کچان و سینەما و کامێراو مۆبایل و شتی دیکە کە ئەمرۆ بوونەتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەمان و ئایینی ئێمەیان نەگۆڕیوە.

منیش لەلای خۆمەوە دەمەوێ هەندێ شتی دیکەی بخەمە سەر و بڵێم: پرەنسیپی حەرامکردنی هەرەمەکییانە زۆر کۆنە، بۆ نموونە قاوە پێشتر قەدەغە کرابوو، دەگوترا ئەوەی دەیخواتەوە رۆژی دوایی بە رەشێتیی بنی فنجانەکە رووی رەش دەبێت، تەنانەت بۆ چاخوادنەوەش دەیانگوت: چاخۆرەوە وەك سەرخۆش یاری دەکات، هەروەها کەوچی چێشتیش لە زمانی ئەوان قورتار نەبووە، شاعێرێك دەڵێت: بە پێنج پەنجەی دەست بخۆ و بە کەوچك مەخۆ، چونکە کەوچك بەرامبەر بە خوای میهرەبان کوفرە.

جا بۆ ئەوەی زیاتر بنووسم و کەمێك سەرو دڵتان بگرم، لەگەڵ مندا ئەمە بخوێننەوە:

نابێ موسڵمان لەبەر هەر ئاڵایەکی نیشتمانی، یان سڵاوی نیشتمانی هەستێتەوە، یان سڵاوی سەربازیی بکات. بۆ نموونە: ریشتاشین، چەپڵەلێدان، کراس شۆڕیی، جگەرەکێشان، نەقشکاریی مزگەوتەکان، لە مەچەك کردنی کاتژمێر، تۆپی پێ، پێشبڕکێی شیعرخوێندنەوە، خوێندنەوەی رۆژنامە لە رەمەزاندا، پۆشینی حلوبەرگ لە شێوەی کافران، بانگکردنی یەکێك بە (ئەی برا، ئەی هاوڕێ، یان دۆست) ئەمانە هەموویان لە دابونەریتیاندا حەرامن.

هەروەها ئەو شتانەشیان بۆ ئافرەتان حەرام کردووە، سەماو شاییکردن لە زەماوەندەکان لەبەردەم ژناندا، نابێ ژن عەبا لەسەر شانی لەبەربکات، پێڵاوی پاژنەبەرز، بۆیەکردنی نینۆك بە مۆنیکیر، لەبەرکردنی سوخمەی سینگ، برۆ جوانکردن، تەنانەت هەندێ کەس لەبەرکردنی رووپۆش (برقع)یان حەرام کردووە، چونکە چاوی تێدا دیاردەبێت.

ئەو پێکناکۆك و جیاوازییەی نێوان دوو موفتی سەرنجی راکێشام، یەکەمیان داماوەو گیانی وەرزشی هەیە، کاتێ رێگەی بە ئافرەت داوە لە مێردەکەی بدات، دووەمیان زۆر بە فیزەوە وەڵامی داوەتەوە: نابێ ئافرەت دەست بۆ پیاو درێژبکات، هەتا ئەگەر داکۆکی لەخۆی بکات!

ئەوەی باسمکرد مشتێ بوو لە خەرمانێك، چونکە چەندین شتی زۆری دیکەی سەیروسەمەرە هەیە، ئەگەر باسیان بکەم هەموو لاپەڕەکانی رۆژنامەکە بەشم ناکات.

بەهەرحاڵ نامەوێ وەکو دەڵێن: لەخۆڕا خۆم بخەمە نێو ئاگرێکەوە، بەڵام دەمەوێ دکتۆر ئەحمەد ئەلعرفج بخەمە نێوان خۆم و نێوان ئەوانەی گۆشتیان ژەهراوییە، چونکە هەموو ئەو شتانەی باسمکردن لە کتێبە بەپێزەکەی «الغپاء الأحوی» وەرمگرتووە، یان قۆپیەم کردووە، با ئەو وتارەشم ببێتە ریکلامێکی خۆڕایی بۆ کتێبەکەی (الموپق بالأسماء). جا ئەوەیش کە دەیەوێت لێپێچنەوە بکات، با بچێت لێپێچینەوە لە خاوەن کتێبەکە بکات و بەزەیی پێدا نەیەتەوە، خوا هاوکاری بێت.

بەڵام من لێی دێمەدەرێ، هەروەك چۆن تاڵەموو لە هەویر دەهێنرێتە دەرەوە، جا ئەوە ئیشی من نییە.



میشعەل ئەلسدێری


**تێبینی: ئەم وتارە لە شەرقولئەوسەت وەرگیراوە و گوڵان بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە.**

## حاكم سەرحان ئەحمەد
ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

# مافیای گەندەڵكاری لە عێراقدا هەیە و عەبادییش ناتوانێت كۆنترۆڵی بكات

## سزا سەپێندراوەكانی سەر هەرێمی كوردستان لەلایەن عێراقەوە سزای سیاسین و یاسایی و دەستووری نین

ئاشكرایە كە فراكسیۆنی كوردستانی لە پەرلەمانی بەغدا توانییان رێگری بكەن لەوەی خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق بكرێت، وەك هەڵوێست وەرگرتنێك لە بەرامبەر كەمكردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان، هەروەها بۆ ئەو مەبەستم چاوپێكەوتنیان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق، عەبادی ئەنجامدا، بۆ تاوتوێكردنی ئەم پرسانە و دوایین پێشهاتەكان لەم رووەوە، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵ حاكم سەرحان ئەحمەد ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.



*** دوای ئەوەی فراکسیۆنی کوردستانی داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ عەبادی کرد بۆ ئەوەی تاوتوێی تێبینی و سەرنجەکانیان بکەن لەگەڵیدا، توانرا ئەوە کۆبوونەوەیە ڕێکبخرێت، ئایا وردەکارییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چی بوون و چ شتێك باس کرا و دەرئەنجامەکەی چی بوو؟**

- سەرەتا دەبێت بڵێم کە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١ گەیشتە پەرلەمان، ئەم پرۆژە یاسایەی بودجەش پشکی هەرێمی کوردستانی لە ١٧٪ بۆ ١٢,٦٧٪ کەم کردبووەوە. ئەو کەمکردنەوەیەش بووە جێی ناڕازیبوونی فراکسیۆنی کوردستانی، بۆیە داخوازیمان لە سەرۆك وەزیران کرد کە پشکەکە بکاتەوە بە لە سەدا ١٧ و ئێمە وەك فراکسیۆنی کوردستانی ڕاپۆرتێکمان ئامادە کرد و داوامان لە عەبادی کرد کە سەرنج و تێبینیەکانی ئێمە بە هەند وەربگرێت، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، واتە ئێمە لە هەوڵ و کۆششەکانی خۆمان بەردەوام بووین، بەڵام حکومەتی ئیتیحادی بە دەنگ داواکەی ئێمەوە نەهات. دواتر داوای چاوپێکەوتن کرا لەگەڵ عەبادی و ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا کە نوێنەری سوننە و شیعەکانیشی تێدابوو، ئێمەش بەشداریمان کرد و دواتر داوای ئەوەمان لێکرد کە دانیشتنێکی

**حکومەتی عێراق تا ئێستاش تەعریبی چەند دەڤەرێک دەکات لە کەرکووک و لە موسڵ و ئەمەش زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەمانە ناوچەی کوردستانیین، واتە سیاسەتی ئەم حکومەتە درێژکراوەی سیاسەتی رژێمی سەدامە لەم رووەوە. بەتایبەتی لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە کەرکووک**

**سندوقی دراوی نێودەوڵەتی داوای لە عێراق کردووە کە ئەگەر ١٠ تریلۆن دینار لە بودجەی گشتی ٢٠١٨ بۆ پشکی هەرێمی کوردستان و ٣ تریلیۆن دینار وەکو مووچەی پێشمەرگە تەرخان نەکات، ئەوا هیچ هاوکارییەک و سلفەیەک و قەرزی دیکەی ناداتێ**

تایبەتی لەگەڵدا بکەین، واتە تەنیا لەگەڵ فراکسیۆنی کوردستانی بۆ ئەوەی بتوانین بە رێگەیەکی رەسمی گلەیی و گازەندی خۆمان بە حکومەتی ئیتیحادی بگەیەنین و راستەوخۆ لەگەڵ حکومەتدا لەم بارەیەوە قسە بکەین، ئەوە بوو کۆبوونەوەکە رێکخرا، کە ئێمە لە ١٠ کەس پێکهاتبووین، پێنج کەس کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان بوون و چوار ئەندامی لیژنەی دارایی و جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، کە گفتوگۆیەکی زۆر کرا لەگەڵ عەبادی و داوای ئەوە کرا کە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە بەشێك لە خەڵکی عێراق دادەنرێت، ئەوا پێویستە بودجە و مووچە و شایستەکانی ئەوان دەستەبەر بکرێت. بەشێکیان پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرد کە سلفەیەك بداتە وەزارەتەکانی پەروەردەو تەندروستی لە هەرێمی کوردستان تاوەکو دابەشی بکەن بە سەر فەرمانبەرانی خۆیاندا. بەشێکیان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە جارێ نیومووچە بدرێت. بەڵام بەداخەوە عەبادی هیچ پابەندبوونێکی نەخستە ئەستۆی خۆی و هیچ بەڵێنێکی نەدا بە ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی. دواتر پێشنیاری ئەوە کرا کە ئێمە دانیشتن لەگەڵ وەزیری دارایی و جێگیری وەزیری دارایی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین پشك و شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی عێراق دیاری بکەین، ئەوە بوو عەبادی فەرمانێکی دەرکرد و داوای کرد وەکیلی وەزیری دارایی لەگەڵ ئەندامی لیژنەی دارایی کۆبوونەوە بکەن و راپۆرتێکی پێشکەش بکەن، بەڵام تا ئێستا وەڵامی ئەم داخوازی و پێشنیارەی ئێمە نەدراوەتەوە. لە دەرئەنجامدا کاتێك بینیمان کە ویسترا بەو شێوەیەی ئێستا خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای بودجە بکرێت کە لە ئاست خواست و مافەکانی کورددا نییە. هەر بۆیە بە یەکدەنگ لەهۆڵی پەرلەمان نارەزایەتیمان دەربڕی، کەچی ئەوان ئەم هەڵوێستەی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان بە پشێوی دانا، لەکاتێکدا ئەمە داواکاریی مافی رەوای گەلی کورد بوو، ناکرێت بێ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت لەسەر داواکارییەکانی گەلی کوردستان خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاساکەی بودجە بکرێت، بەڵام بە یەکدەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان رێگەمان نەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

*** عێراق هەر بەردەوامە لەسەر ئەم پێشێلکارییانەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئایا ئێوەی پەرلەمانتاران چ هەڵوێستێکتان دەبێت؟**

- تا ئێستا سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە هەڵوێستی توندمان هەبێت لە بەرامبەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت پرۆژە بودجەکە بەم شێوەیە ئێستا تێپەڕێنن بە بێ ئەوەی داخوازییەکانی ئێمە بە هەند وەربگرن. واتە ئەگەر داواکارییە رەوا و یاساییەکانی ئێمە لەبەرچاو نەگرن، ئەوا ئێمە ناچار دەبین کە رێگە نەدەین و قبووڵی نەکەین خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاسای بودجەیە بکرێت. ئێمەش لە بنەڕەتدا خوازیاری ئەوەین کە گفتوگۆ و دانیشتن بکەین بۆ ئەوەی بە لێك تێگەیشتن بگەینە دەرئەنجامێك، چونکە ئەمە مافی ئێمەیە و ئێمەش وەك نوێنەری خەڵکی کوردستان دەبێت کارێك بکەین لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا بێت. لەبەر ئەوە من دەڵێم تا ئەو کاتەی ئێمە لە بەغدا بین، ئەوا هەوڵی خۆمان دەدەین کە تێنەپەڕێت. ئەگەر حکومەتی عێراق لەگەڵ پەرلەماندا لە رێی کوتلە سوننی و شیعەکانەوە پرۆژە یاسای بودجەی تێپەڕاند، ئەوا دەبێت ئێمە هەڵمەتێکی راگەیاندن دەست پێبکەین و موراجەعەی باڵیۆزی وڵاتان بکەین لە بەغدا و راپۆرتێك ئامادە بکەین و ئەوە بخەینەڕوو کە ئەوە دۆخی کوردە لە بەغدا کە حکومەتی ئەو وڵاتە هیچ داخوازی و خواستەکانیان لەبەرچاو ناگرێت و، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە شێوەیەکە کە هیچ هاوکارییەك لەگەڵ کورددا ناکات، بۆ ئەوەی بتوانین پشتیوانی و هاوکارییەك دەستەبەر بکەین.

*** ئاشکرایە کە جگە لە پرسی بودجە، چەندین پێشێلکاری دیکە لەبەرامبەر کوردستاندا کراون، وەك سەپاندنی سزای ئابووری و داخستنی فڕۆکەخانەکان و.. هتد، بە رای ئێوە دەبێت لەم بارەیەوە چی بکرێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو

سزایانەی ئێوە باسی دەکەن کە بەسەر کوردستاندا سەپێندراوە، سزای سیاسین و دەستووری و یاسایی نین، هەمـوو ئەمانەش وای لێکـردووم کـە بڵێـم ئەگـەر عێـراق بـەردەوام بێـت لەسـەر ئـەم رەفتارانـەی، ئـەوا هیـچ ئومێدێك نامێنێت بۆ چاکسازیکردن لە عێراقدا و بـۆ ئـەوەی ئـەوەی ئـەم وڵاتـە ببێتـە وڵاتێکی فیدراڵی. لەبەر ئـەوە بە بۆچوونی مـن دەبێت حکومەتی ئیتیحادی لە سنووردا رابوەستێنرێت، لـەم رووەوە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کـە رێگاچـارەی گفتوگـۆ بگیرێتەبـەر، بـەڵام کێشـەکە ئەوەیـە ئامـادەکاری نابینیـن لەلایـەن حکومەتـی عێراقییـەوە لـەم رووەوە، لەبـەر ئـەوە ئومێدێك نابینـم بـۆ ئـەوەی حکومەتـی عێراقـی هەنگاوێکی ئیجابی، لـە رووی ئابوورییەوە بێت، یـان سیاسـی، لـە ئاسـت هەرێمـی کوردسـتاندا هەڵبگرێـت.

*** باسـی خراپبوونـی رەوشـی ئابووریـت کـرد، وەکو ئەندامێکی لیژنـەی دارایی لـە پەرلەمانی عێراق ئایا دەتوانیت باسێکی ئـەو گەندەڵییانـە بکەیت کـە ئێستا عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت؟ ئایا لەگـەڵ شکسـتهێنانی پـرۆژەی چاکسـازی دۆخەکـە بـەرەو کـوێ دەچێـت؟**

- عێـراق لـە ریزبەنـدی پێشـەوەی وڵاتانـی گەندەڵـکارە لەجیهانـدا، واتـە گەندەڵییەکـی زۆر لـە عێراقدا هەیـە و کێشـەکەش ئەوەیـە حکومەتی عێراق ناتوانێت چاکسـازی بـکات، لەبـەر ئـەوەی کەسـە گەندەڵـکارەکان دەسـەڵاتیان لـە دەستدایە و بوونەتـە مافیـا و بـە شـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ دارێـژراو و بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیکی کاری خۆیـان دەکـەن. واتـە کەسـە گەندەڵـکارەکان لـە سـەر ئاسـتێکی زۆر بـەرزدان. هەرلەبـەر ئەمەشـە سـندوقی دراوی نێودەوڵەتـی داوای لـە عێـراق کردووە کە ئەگەر ١٠ تریلۆن دینار لە بودجەی گشتی ٢٠١٨ بۆ پشکی هەرێمی کوردستان و ٣ تریلیۆن دینار وەکو مووچەی پێشمەرگە تەرخان نـەکات، ئـەوا هیـچ هاوکارییـەك و سـلفەیەك و قـەرزی دیکـەی ناداتـێ. بـەڵام هەرچۆنێك بێت، گەندەڵییەکـە لـە عێراقدا زۆرە، بۆ نموونە بانکی نێودەوڵەتی بۆ فرۆشتنی دراوی دۆلاری ئەمریکی مامەڵە لەگـەڵ هـەر کۆمپانیایـەك دەکات کـە ئـەو کۆمپانیایـە گرێـدراوی هەندێـك کەسـە، کـە ئـەو کەسانە سەرۆکی مافیای گەندەڵین لە عێراقدا و تا ئێستا عەبادی ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات. لەبـەر ئـەوە دەتوانـم بڵێـم داهاتـی عێـراق لـە گەندەڵیدا بـە هـەدەر دەڕوات و مافیـای گـەورەی گەندەڵـی دروسـت بـووە کـە کاریـان گەندەڵیکـردن و دزیکـردن و بردنـی داهاتـی وڵاتەکەیـە، بۆیـە رەشـبینیم لەبـارەی چارەسـەرکردن و کۆتاییهێنـان بـەم گەندەڵییانـە لـە عێراقـدا.

*** پرۆسـەی تەعریـب لەکەرکـوك و ناوچـە کوردستانییەکانی دیکـەی دەرەوەی هەرێم دەستی پێکردۆتـەوە، ئێـوە وەکـو نوێنەرانـی کـورد لـە پەرلەمانـی عێـراق تاچەنـد بـۆ راوەسـتانی ئـەو پێشـێلکارییانە هەوڵتـان داوە؟**

- ئێمـە بـەردەوام پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکەیـن کـە تەعریـب دەکرێـت لـەو ناوچانـەی کـە لەلایـەن حەشـدی شـەعبییەوە کۆنتـرۆڵ کـراون، واتـە تـا ئێسـتاش حکومەتـی عێـراق تەعریبـی چەند دەڤەرێك دەکات لە کەرکوك و لە موسڵ و ئەمـەش زۆر مەترسـیدارە، چونکـە ئەمانـە ناوچـەی کوردسـتانیین، واتـە سیاسـەتی ئـەم حکومەتە درێژکراوەی سیاسەتی رژێمی سەدامە لـەم رووەوە. بەتایبەتـی لـە دوای رووداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە کەرکووك. لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت هەڵمەتی راگەیاندن بکەیـن و پەردە لەسـەر ئەو تەعریبە هەڵماڵین کە لەو ناوچانەدا دەکرێن و ئـەوە بخەینـە بـەر چـاو کـە حکومەتـی عێـراق هیـچ هەنگاوێکـی بـۆ راگرتنـی ئـەو تەعریبـە هەڵنەگرتـووە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- مـن هیـچ ئومێدێکـم نییـە بـەوەی بارودۆخی عێـراق بـەرەو چارەسـەرکردن بچێـت و وەکـو دەوڵەتێکـی پێشـکەوتوو دەرکەوێـت؛ چونکـە هیـچ ئاماژەیـەك لەئـارادا نییـە لـەم رووەوە، ئەوەتـا رۆژ لـەدوای رۆژ رەگ و ریشـەی گەندەڵـی زیاتـر و قووڵتـر دەبێتـەوە و توانـای نییـە بڕیارێـك دژ بـە گەندەڵـی دەربـکات. عێـراق بـەرەو تونێلێکی تاریـك دەچێـت، چونکـە داهاتـی عێـراق لـە رێـی گەندەڵییـەوە بـە هـەدەر دەڕوات و تەرخان ناکرێت بـۆ خزمەتگـوزاری و بـۆ باشـترکردنی دۆخـی خەڵـك. لەبـەر ئـەوە دۆخـی ئابـووری و سیاسـی و رۆشـنبیری عێـراق رۆژ لـە دوای رۆژ خراپتـر دەبێـت.

**ئەگەر حکومەتی عێراق لەگەڵ پەرلەماندا لە رێی کوتلە سوننی و شیعەکانەوە پرۆژە یاسای بودجەی تێپەڕاند، ئەوا دەبێت ئێمە هەڵمەتێکی راگەیاندن دەست پێبکەین و موراجەعەی باڵیۆزی وڵاتان بکەین لە بەغدا و راپۆرتێک ئامادە بکەین و ئەوە بخەینەڕوو کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە شێوەیەکە کە هیچ هاوکارییەک لەگەڵ کورددا ناکات**

**ئومێدێک نابینم بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی هەنگاوێکی ئیجابی، لە رووی ئابوورییەوە بێت، یان سیاسی، لە ئاست هەرێمی کوردستاندا هەڵبگرێت**



سیروان عەبدوڵا سیرینی

ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# حەیدەر عەبادی خواستی ئەوەیە پرۆژە یاسای بودجە پەسەند نەکرێت بۆ ئەوەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەبێ حیساب پارە خەرج بکات

**وێڕای هەوڵ و کۆششەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و داننان بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام هێشتا عەبادی گەمارۆ و سزاکانی سەر کوردستانی هەڵنەگرتووەو مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێشێل دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو تاوتوێکردنی چەند تەوەرەیەکی پەیوەندیدار چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سیروان عەبدوڵا سیرینی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

**هەتا ئێستا زیاتر لە (٥٥) ماددەی دەستووری لەلایەن حکومەتی عێراقی پێشێل کراون، هەر هۆکاری ئەم پێشێلکارییانەی دەستوور بوو کە وایکرد، کوردستان پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام بدات، کە ریفراندۆم مافێکی دەستووریی گەلی کوردستان بووە**

**ئەگەر عێراقی نوێ بە ئاراستەی سیاسەتەکانی رژێمی پێشووی بەعس بڕوات، واباشترە تەواوی لایەنەکانی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکشێنەوە، تاوەکو لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی بێتەوەڵام و دانوستان و گفتوگۆکان لە رێگەی ئەوانەوە بەڕێوەبچێت**

*** پەرلەمانتارانی کوردستان تا چەند کاریان بۆ نەهێشتنی ئەو سزا نایاسایی و نادەستوورییانەی سەر خەڵکی کوردستان کردووە، کە زیاتر لە چوار مانگە بەغدا بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندوویەتی؟**

- گەمارۆ و سزاکانی سەر هەرێمی کوردستان لەلایەن عەبادی و هاوپەیمانی نیشتمانی شیعی و ئەقڵییەتی زۆرینەی دەسەڵاتداریێتی عێراق لەدژی هەرێمی کوردستان دوور لە بنەماکانی دەستووری و یاسایی سەپێندراوە. خۆشبەختانە ئەو سزایانەی پەیوەست بووە بە مەسەلەی دارایی و بانکی لە رێگەی راپۆرتێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی توانرا ئەو بڕیار و سزادارایییانەی لە دژی حکومەتی هەرێم درابوون، هەڵبوەشێنینەوە، هیڤیدارین رەوشەکە بە گشتی لە هەموو بوارەکانەوە روو لە ئاساییبوونەوە بکات. بەڵام ئەوەی بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان و عەرەبی سوننەو پارێزگاکانی خاوەن داهاتی نەوتی وەك پارێزگای بەسرەو کەرکووك چاوەڕوانکراو نەبوو، ئەوە بوو کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان دۆخەکەی قۆستەوەو بێ گوێدانە داخوازی و تێبینییەکانمان، پڕۆژە یاسای بودجەی خستە بەرنامەی کارو خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاساکە کرا. بەتایبەتی کە پێشێلکاریی گەورەی تیا بوو، لەوانە: گۆڕینی ناوی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاکانی باکوور و کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە ١٧٪ بۆ ١٢٪، ئەمەش لەوە دەچێت کە حەیدەر عەبادی پێی خۆش بێت پڕۆژەکە تێنەپەڕێت و بە هاوشێوەی ساڵی ٢٠١٤ هەروا بمێنێتەوە و بە ئارەزووی خۆی داهاتی عێراق خەرج بکات بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان بەکاری بهێنێت.

*** ئەوە پڕۆژەی یاسای بودجە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئایا هەنگاوی داهاتووتان چی دەبێت؟**

- ئێمە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەدوای ئەوەی پڕۆژە یاسای بودجە خرایە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، وێڕای ئەوەی بایکۆتی دانیشتنەکەمان کردو هاوکاتیش بەیاننامەیەکمان دەرکرد بۆ ئەوەی نارەزایی خۆمان پیشانی حکومەتی فیدراڵی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەین. ئەم هەڵویستە یەکڕیزییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بووە هۆکاری ئەوەی عەبادی لە دانیشتنی ١ی شوباتی ٢٠١٨ ئامادە بێت و لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆببێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە مشتومڕێکی زۆر لەسەر مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کرا، بەڵام عەبادی ئامادە نەبوو هیچ بەڵێنێك بۆ چارەسەکردنیان بدات.

*** ئەی کە عەبادی هیچ بەڵێنێکی نەدا، وەڵامی بۆ داخوازیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان چی بوو؟**

- حەیدەر عەبادی بە سروشتی خۆی کەسێکە مراوەغەی زۆرە و خاوەنی قسەی خۆی نییە، هەر بۆیە وەڵامەکانی عەبادی سەبارەت بە داخوازییەکانی ئێمە بەمجۆرە بوو:

١- ئێمە سیستەمی لامەرکەزی لە پارێزگاکانی عێراق جێبەجێ دەکەین و دەبێت ئەمە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

٢- سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، ئاماژەی بەوە کرد بڕێك پارەی لە لقەکانی بانکی داناوە بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی وردبینی مووچەی فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە بدرێت. سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی دیکەش، ئەمەشی گرێدایەوە بە تەواوبوونی لیستی وردبینی وەزارەتەکان.

٣- سەبارەت بە پشکی پێشمەرگە لە بودجەی سەروەری، ئاماژەی بەوەکرد پابەندە بەو شێوەیەی کە لە پڕۆژە یاسای ساڵی پاردا هاتووە، بەڵام دەبێت وردبینی لە لیستی پێشمەرگەش بکرێت، ئەوجا بۆیان خەرج دەکەین.

٤- پرسی خەرجکردنی پارەی گەنمی جووتیارانی بەستەوە بە پەسەندکردنی بودجەی ئەمساڵەوە.

٥- بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکان گوتی چاوەڕێی تەواوبوونی کاری لیژنەکانین، هەتا ئێستا دواراپۆرتمان بەدەست نەگەیشتووە.

*** ئەگەر حەیدەر عەبادی بیەوێت بە مراوەغە و فریودان عێراق بەڕێوەبەرێت، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی مانەوەی دەکەن؟**

- لە ساڵی یەکەمی حکومڕانیی عەبادیدا، لە وەڵامی میدیاکاندا بە وەی ئایا جیاوازیی نێوان عەبادی و مالیکی چییە؟ ئێمە بەوجۆرە وەڵاممان دایەوە کە عەبادی لە مالیکی ترسناکترە، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژئاوا ژیاوە و هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانییە و زمانزان و مراویغە، وەك ئێستاش دەیبینین، قسەکانی ئەوکاتمان ئێستا بۆتە واقیع. حەیدەر عەبادی بێجگە لەوەی درێژەی بە هەمان سیاسەتی نوری مالیکی داوە، لە هەمانکاتدا ماددەی ٩ی دەستووری عێراقیشی پێشێل کرد و هێزی سەربازی بەکارهێنا لە دژی تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، یان ناوچەکانی (ماددەی ١٤٠)، ئەمەش بووە هۆکاری شەهیدبوون و بریندار بوونی سەدان پێشمەرگە و هاووڵاتیانی سڤیل، هەروەها بووە هۆکاری ئەوەی زیاتر لە ٢٧٠ هەزار هاووڵاتی کورد لە شاری کەرکووك ئاوارە بن. ئەوجا نییەت و ئامانجی عەبادی لەمەش گەورەتر بوو، ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پردێ و سێحیلا لووتیانی نەشکاندایە. عەبادی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ماهییەت و کەسایەتیی خۆی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا کرد، تەنانەت متمانەشی لای شیعەکانیش دابەزیوە، ئەمەش بە جیابوونەوەی هاوپەیمانییەکان لێی ئاشکرایە، من مەزندە دەکەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پشتگیری کەم دەبێتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکاتەوە.

*** ئاماژەت بەوەکرد فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە یەك دەنگ، بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانیان کرد دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای بودجە کرا، کەچی حزبەکان بەتەنیا سەردانی بەغدا دەکەن، ئایا ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەڵوێستەکانی ئێوە نابێت؟**

- ئەمە زۆر ڕاستە، لەبەر ئەوەی کاتێك ئێمە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر پرسی هەڵبژاردنی کەرکووك یەکدەنگ دەبین و پڕۆژە یاسای بودجە بایکۆت دەکەین، هەر لەو کاتەدا چەند حزبێك بە جیا دەچن لەگەڵ حەیدەر عەبادی کۆدەبنەوەو سازش دەکەن، بەوەش پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان پیشان دەدەن و ڕێز لە ئیرادەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ناگرن. ئەمەش دەرفەتێکی بەلاش بۆ حەیدەر عەبادی دروست دەکات بۆ ئەوەی گەمە بە کات بکات و داخوازییە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پشتگوێ بخات.

*** لەگەڵ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە و شیعە لەگەڵ یەك تەبا نین، هەروەها شیعە و سوننەش دوژمنی یەکترین، بەڵام زۆرجار گوێمان لێ بووە، ئەمانە هەموویان بۆ دژایەتیکردنی مافەکانی کوردستان یەکدەگرن، ئایا چۆن ئەم دیاردەیە دەخوێنیتەوە؟**

- ئاشکرایە لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا لایەنە سیاسییەکان ئەوجا چ شیعە دژی شیعە، یان سوننە دژی سوننە، یان شیعە دژی سوننە، وەك ململانێی هەڵبژاردن ناکۆکییەکانیان زیاتر سەرهەڵدەدەن، بەڵام هەموو ئەمانە پێکەوە پرسی دژایەتیکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و بزواندنی هەستی قەومیی عەرەبی لەدژی کورد بەکار دەهێننەوە، هەر بۆیە پەرلەمانتارانی عەرەبی سوننە و شیعە کە مەسەلە هاتە سەر مافی

**داپڵۆسین و داگیرکاری و تەعریبی کۆن و سەردەمی بەعسەو هەروەها داگیرکاری و تەعریب و تەشیوعی نوێ و گۆڕینی دیمۆگرافی و پێشلکاری تەواوی بەندەکانی دەستووری عێراقە. بۆیە پێویستە ئەو واقیعە تاڵە بگۆڕین**

**کەسانێکی هەلپەرست و شۆڤینی ناتوانن سوود لەم دۆخە نەخوازراو و نائاساییەی کەرکووک وەربگرن، تەنیا ڕێگەش بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەو شارەیە بۆ ئەوەی ئێمەی کورد بتوانین پەیامی داگیرکردنی شاری کەرکووک و کەرکووکییەکان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنین**

**لەسەروەختی هەڵبژاردنەکاندا لایەنە سیاسییەکان ئەوجا چ شیعە دژی شیعە، یان سوننە دژی سوننە، یان شیعە دژی سوننە، وەک ململانێی هەڵبژاردن ناکۆکییەکانیان زیاتر سەرهەڵدەدەن، بەڵام هەموو ئەمانە پێکەوە پرسی دژایەتیکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و بزواندنی هەستی قەومیی عەرەبی لەدژی کورد بەکار دەهێننەوە**

گەلـی کوردسـتان، ئـەوان هەڵوێسـتی قەومیـی خۆیـان دەنوێنـن. ئەگـەر پەرلەمانتارانـی کـورد و فراکسـیۆنەکانیان یەکگرتـوو بـن، ئـەوا دەتوانـن هەڵوێسـت و سـەنگ و قورسـایی خۆیـان هەبێـت و دەسـکەوتی نیشـتمانییان بـەدی بهێنـن، چونکـە لەنـاو کوتلـە عەرەبییەکانـی سـوننە و شیعەشـدا جیـاوازی و ململانێـی زۆر هەیـە و لەسـەر هەمـوو مەسـەلەکان یەکدەنگ نیـن و ڕۆژانـە هاوپەیمانێتـی دەکـەن و هەڵیدەوەشـێننەوە.

*** سـەبارەت بـە پرسـی کەرکـووك و دەسـتپێکردنەوەی پرۆسـەی تەعریـب لـەو شـارەدا، ئایا پێتوانییە حزبە کوردستانییەکان کەمتەرخەمن بەرامبـەر ئاسـاییبوونەوەی دۆخـی کەرکـووك و هەڵگرتنـی ئـەو عەسـکەرتاریەتەی لـەدوای ڕووداوەکانـی ١٦ ئۆکتۆبـەرەوە ڕوویـداوە؟**

- کەرکـوك و پرسـی تەعریـب برینێکـی قووڵـە لـە جەسـتەی کوردسـتان؛ ئـەوەی ئێسـتا لـە کەرکـووك ڕوودەدات پێمانوایـە داگیرکـردن و دووبـارە دەرکردنـی کـوردە لـەو شـارەدا، کەسـیش لەبەردەوامبوونـی ئـەم دۆخـە بـراوە نابێـت، کەسـانێکی هەلپەرسـت و شـۆڤینی ناتوانـن سـوود لـەم دۆخـە نەخـوازراو و نائاسـاییەی کەرکـووك وەربگـرن، تەنیـا ڕێگـەش بایکۆتکردنـی هەڵبژاردنەکانـی ئـەو شـارەیە بـۆ ئـەوەی ئێمـەی کـورد بتوانیـن پەیامـی داگیرکردنـی شـاری کەرکـووك و کەرکووکییـەکان بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بگەیەنیـن. واتـە ئـەوەی ئێسـتا لـە کەرکـوك ڕوودەدات، درێژەپێدانـی هەمـان سیاسـەتی داپڵۆسـین و داگیـرکاری و تەعریبـی کـۆن و سـەردەمی بەعسـە، هەروەهـا داگیـرکاری و تەعریـب و تەشـیوعی نـوێ و گۆڕینـی دیمۆگرافـی و پێشـلکاری تـەواوی بەندەکانـی دەسـتووری عێراقـە. بۆیـە پێویسـتە ئـەو واقیعـە تاڵـە بگۆڕیـن، کـە ئەویـش بەپێـی دەسـتووری عێـراق گەڕانـەوەی پێشـمەرگەیە بـۆ پارێزگای کەرکـووك، چونکـە بەپێـی دەسـتوور ئـەم ناوچانـە جێناکۆکـن و دەبێـت بەهاوبەشـی لەنێـوان پێشـمەرگە و سـوپا بەڕێوەبچـن.

*** هەر سەبارەت بەپرسی کەرکووك ئەنجومەنی نوێنەرانـی عێـراق بەنیـاز بـوو یاسـایەکی تایبـەت بـۆ هەڵبژاردنەکانـی کەرکـووك دەربـکات، ئـەو پیـلان و هەوڵانـەی چەنـد لایەنێکـی عەرەبـی و تورکمانـی بـە کـوێ گەیشـت؟**

- نـەك هـەر دەرکردنـی یاسـایەکی تایبەتـی هەڵبـژاردن بەڵکـو چەنـد لایەنێکـی عەرەبـی و تورکمانـی دەیانویسـت بڕیارەکانـی کەرکـووك بەدەسـت ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق بێـت؛ ئەمـە پێشـێلکارییەکی ڕوونـی دەسـتوورییە و هیـچ ڕەچـاوی ئـەو یاسـاو حاڵەتـە تایبەتـەی کەرکـووك ناکـەن کـە لـە سـەردەمی بریمـەرەوە ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە. بۆیـە هـەر بڕیارێـك بـەو ئاراسـتەیە بدرێـت، لـە بەرژەوەندیـی خەڵکـی کەرکـووك و کوردسـتان نابێـت و وەکـو هەڵوێسـتێکی دوژمنکارانـەی سـەردەمی بەعـس سـەیری دەکەیـن، و هەرگیزیـش کەرکـووك سـەقامگیری بـە خۆیـەوە نابینێـت. دووبـارەی دەکەمـەوە ئەگـەر عێراقـی نـوێ بـە ئاراسـتەی سیاسـەتەکانی ڕژێمـی پێشـووی بەعـس بـڕوات، واباشـترە تـەواوی لایەنەکانـی کوردسـتانی لـە پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق بکشـێنەوە، تاوەکـو لایەنـی سـێیەمی نێودەوڵەتـی بێتـەوەڵام و دانوسـتان و گفتوگـۆکان لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە بەڕێوەبچێـت.

*** باشـە ئەگـەر عێـراق بـە عەقڵانـی نەجووڵێتـەوەو بـەردەوام بێـت لەسـەر پێشـێلکردنی ئەو مادده دەستوورییانەی کە زامنی مافەکانی هەرێمـی کوردسـتانن، ئێـوەی پەرلەمانتـاران هەڵوێسـتتان چـی دەبێـت؟**

- هەتـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٥٥) مـاددەی دەسـتووری لەلایـەن حکومەتـی عێراقییـەوە پێشـێل کـراون، هـەر هـۆکاری ئـەم پێشـێلکارییانەی دەسـتوور بـوو کـە وایکـرد، کوردسـتان پرۆسـەی ریفرانـدۆم ئەنجـام بـدات، کـە ریفرانـدۆم مافێکـی دەسـتووریی گەلـی کوردسـتان بـووە، بـەڵام ئـەوان وێـڕای ئـەم هەمـوو پێشـێلکارییە دەسـتوورییەی کردوویانـە، هاتـن بـە نادەسـتووری و نایاسـایی دەیـان بڕیـاری دیکەیـان لـە دژی هەرێمـی کوردسـتان دەرکـردو ئێسـتاکەش یـاری بـە قـووت و بژێـوی خەڵکـی دەکـەن. بۆیـە ئەمـە کارێکـە لەلایـەن سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتانەوە مایـەی قبووڵکـردن نییـە، هـەروەك لـە دوادیدارمـان لەگـەڵ جەنابـی سـەرۆك بارزانـی، بەڕێزیـان زۆر بـە پەرۆشـەوە ئامـاژەی بەوەکـرد کـە کەرکـووك داگیرکـراوەو قبووڵیشـی ناکەیـن بـە داگیرکـراوی بمێنێتـەوە.

**کاتێک ئێمە وەک فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر پرسی هەڵبژاردنی کەرکووک یەکدەنگ دەبین و پڕۆژە یاسای بودجە بایکۆت دەکەین، هەر لەو کاتەدا چەند حزبێک بە جیا دەچن لەگەڵ حەیدەر عەبادی کۆدەبنەوەو سازش دەکەن، بەوەش پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان پیشان دەدەن و ڕێز لە ئیرادەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ناگرن**

**لە ساڵی یەکەمی حکومڕانیی عەبادیدا، لە وەڵامی میدیاکاندا بە وەی ئایا جیاوازی نێوان عەبادی و مالیکی چییە؟ ئێمە بەوجۆرە وەڵاممان دایەوە کە عەبادی لە مالیکی ترسناکترە، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژئاوا ژیاوە و هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانییە و زمانزان و مراوغە، وەک ئێستاش دەیبینین، قسەکانی ئەوکاتمان ئێستا بۆتە واقیع**

**عەبادی بێجگە لەوەی درێژەی بە هەمان سیاسەتی نوری مالیکی داوە، لە هەمانکاتدا ماددەی ٩ی دەستووری عێراقیشی پێشێل کرد و هێزی سەربازی بەکارهێنا لە دژی تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم**



*** سەرەتا چۆن سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ هەڵدەسەنگێنێت، بەتایبەتی لە ئاست ناوچەیەکی ستراتیژی و گرنگی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکاوە، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەمریکا هەوڵ دەدات سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە بە ئاراستەی کەنارگیری و گۆشەگیریدا ببات، واتە ئەم ئیدارەیە وەك پۆلیسی جیهان لە ئەمریکا ناڕوانێت، بە چەشنی ئەوەی سەرۆك ئۆباما و سەرۆك بۆش و کلینتۆن لێیان دەڕوانی. بەڵکو دەیەوێت و خوازیارە زیاتر سەرنجەکان لەسەر ناوخۆی وڵاتەکە چڕبکاتەوە و باوەڕی وانییە کە دەبێت ئەمریکا حوکمڕانیی جیهان بکات و پێیوایە پێویستە ئەمریکا کەمتر تێوەبگلێت لە سیاسەتی وڵاتانی دیکەدا. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا چەند بەرژەوەندی و پرسێك لە ئارادان کە بوونەتە جێی سەرنجی ئەمریکا، هەروەها ئێمە بەم دواییە بینیمان ئەمریکا هەنگاوێك، یان بڕیارێکی مشتومڕئامێزی دا بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس، کە ئەم هەنگاوەش لە رووی رەمزییەوە مانای خۆی هەبوو، واتە بۆی هەیە زۆرێك لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تووڕە بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەوە بەدی دەکەین کە ئەم ئیدارەیە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، هەڵوێستێکی سەختگیرتر لە ئاست ئێراندا دەگرێتەبەر، کە دەبینین رەخنە لەو رێککەوتنە ئەتۆمییە دەگرێت کە لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا لەگەڵ ئێراندا واژوو کرا، بە

## مارک جۆنێز

### پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# لەئێستادا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاتر رووی لەگۆشەگیرییە

**مارك جۆنێز، پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی رایز و توێژەر و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی میشیگان بەدەستی هێناوە، پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی میشیگان ستەیت. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا بەتایبەتی لەئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بۆ قسەوباسکردن لەبارەی ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە لەسەر ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

هەمان شێوە بینیمان سەرۆك ترەمپ لە دوایین وتاریدا رەخنەیەکی زۆری لەحکومەتی ئێران گرت و پشتیوانییەکی گەورەی بۆ ئەو خۆپیشاندانانە دەربڕی کە لە دژی رژێمی ئێران هاتنەئاراوە لەو وڵاتەدا.

*** ئێوە باستان لەوە کرد کە ئەمریکا زیاتر بەرەو گۆشەگیری و بایەخدان بە پرسە ناوخۆییەکان هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئایا بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئاکامەکانی ئەم گۆشەگیرییەی ئەمریکا چین؟ ئایا ئەمە ستراتیژیەتێکی راست و دروستە؟**

- ئەگەر ئێمە لە رووەوە سلبییەکەوە لێی بڕوانین، ئەوا دەبینین کاتێك ئەمریکا دەستتێوەردان ناکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆشاییەکی جیهانی دروست دەکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا سەرچاوەی پێویستی لەبەردەستدا نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێویستە ئەنجامیان بدات، چونکە ئەگەر لە ناوخۆی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا ژێرخانی ئەم وڵاتە، وەك رێگا خێراکان و فڕۆکەخانەکان و پردەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، ئەمەش پێویستی بە وەبەرهێنانێکی گەورە هەیە کە ملیارەها دۆلاری دەوێت، هەروەها خەڵکانێکی زۆر هەن لەم وڵاتەدا کە لە بارودۆخی هەژاریدا دەژین، کەواتە باوەڕێکی روو لە زیاد هەیە کە نابێت ئەمریکا سەرچاوە و خەرجییەکی زۆر بۆ ئەو شوێن و ناوچانە تەرخان بکات کە کاریگەرییەکی راستەوخۆیان نییە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بە هەمان شێوە نابێت هاووڵاتی و سەربازەکانیشی بخاتە مەترسییەوە لەو ناوچانەدا. هەروەها ئەو باوەڕەش لە ئارادایە کە تەنانەت

ئەگەر ئەمریکا ناچار بوو ئەم کارە بکات، ئەوا پێویستە وڵاتانی دیکە، وەك وڵاتانی ئەوروپا، خەرجییەکی زیاتر لەئەستۆ بگرن، چونکە ئاشکرایە زۆرێك لەم وڵاتانەی ئەوروپا بەشە بودجەیەکی کەمیان بۆ بواری بەرگری تەرخان کردووە، لە کاتێکدا ئاسایشی ئەوان بەهۆی ئەو چەترە ئەمنییە دەستەبەرکراوە کە ئەمریکا بۆی دابین کردوون. هەر لەم روانگەیەشەوە پێویستە وڵاتانی وەك فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و سوید و نەرویج بەشە بودجەیەکی زیاتر بۆ بواری بەرگریی خۆیان تەرخان بکەن.

*** ئاشکرایە کە ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لەم ناوچەیە دروست بووە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك سووریا، لەلایەن وڵاتانی دیکەوە پڕکراوەتەوە، وەك رووسیا و ئێران و بەم دواییەش تورکیا کە لە ئێستادا سەرقاڵی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییە لەدژی کانتۆنیی عەفرین لە سووریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم پەرەسەندنانە تا چەند کاریگەری خراپیان لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهانی دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بایەخپێدانی کەمتری ئەمریکا بەم ناوچەیە ئاکامی سلبی لێکەوتۆتەوە لەو رووەوە کە لە ئێستادا ناسەقامگیری و توندوتیژییەکی زیاتر لەم ناوچەیەدا هاتوونەتەئاراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە کەمە کە لە ئێستاوە تا کۆتایی دەسەڵاتی ئیدارەی ترەمپ ئەمریکا ئاستی بایەخپێدانی بەم ناوچەیە زیاتر بکات، چونکە رای گشتیی ئەمریکا ئامادەییەکی کەمتری هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی، هەروەها فشار و کۆت و بەندی پەیوەست بە بودجەش لەئارادان کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەگەری ئەنجامدانی ئەو کردەوانە کەمتر بن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە- هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە- کاتێك ئەمریکا پاشەکشە دەکات ئەوا ئەمە دەرگا واڵا دەکات بۆ دەستتێوەردانی وڵاتانی دیکە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەلایەن ئێران و رووسیا، هەروەها تورکیاش کە دەستتێوەردانی ئێستای هاوکاتە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە ناوخۆییە کە لەو وڵاتەدا روودەدات، کە بەراورد بە حکومەتەکانی پێشوو دەبینین حکومەتی ئێستای تورکیا لەسایەی دەسەڵاتی سەرۆك ئەردۆغان زیاتر بەرەو خۆسەپێنی دەڕوات. واتە لەم ساتەوەختەدا تورکیا چالاکتر و سەختگیرانەتر هەڵسوکەوت دەکات.

*** ئێوە پێشتر ئاماژەتان بە گرتنەبەری سیاسەتێکی سەختتر و توندتر کرد لەلایەن ئەمریکاوە لەدژی ئێران، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە رووی واقیعی و عەمەلییەوە ئەمریکا چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیەدا؟**

- من پێموانییە هەڵکشانێکی زۆر رووبدات لەم رووەوە، بەڵکو بۆی هەیە ئەمریکا سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت و لەو باوەڕەدا نیم هیچ جۆرە کردەوەیەکی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە دژ بەو وڵاتە ئەنجام بدرێت، بەڵکو بۆی هەیە پشتیوانییەکی ناڕاستەوخۆ دەستەبەر بکرێت بۆ وڵاتانی دیکە، وەك سعودیە کە لە ناکۆکی و رکابەریدایە لەگەڵ ئێراندا. واتە حکومەتی ئەمریکا، یان سوپای ئەمریکا تێوەناگلێن و ناکەونە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا، بەڵکو ئەمە جێدەهێڵدرێت بۆ ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە بەرهەڵستیی ئێران دەکەن، بەتایبەتی سعودیە.

*** بەڵام ئایا ئەمە نابێتەهۆی چڕبوونەوەی رکابەریی ناوچەیی نێوان ئێران و سعودیە؟ ئایا ئەمە سەرناکێشێت بۆ هەڵکشانی زیاتری بارگرژییەکان لە ناوچەکەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکێك دەبێت لە دەرئەنجامەکانی غیابی ئەمریکا وەك هێزێکی سەقامگیرکار، واتە لەم حاڵەتەدا دۆخەکە سەردەکێشێت بۆ هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان سعودیە و ئێران کە بۆی هەیە کاریگەری زیانبەخشی لەسەر وڵاتانی دیکەش لێبکەوێتەوە، کە حاڵی حازر ئەمە دوچاری قەتەر بۆتەوە، کە بینیمان سعودیە گەمارۆی بەسەر قەتەردا سەپاند، تەنیا لەبەر ئەوەی قەتەر دەیەوێت گەمەکارێکی بێلایەن بێت لە ناوچەکەدا.

*** باس لەوە دەکرێت دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش ئەمریکا رایدەگەیەنێت کە ئەرکی کۆتایی هاتووە و هەوڵدەدات ناوچەکە جێبهێڵێت، یاخود پابەند نەبێت بە هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوەی بارودۆخەکە و بنیادنانی ئاشتی و سەقامگیری کە ئەمەش مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرووپە توندڕەوەکان و درێژەکێشانی کارەساتەکانی**

**رووسیا سوودی لە پشتیوانییەکەی بۆ رژێمی ئەسەد وەرگرتووە و لە ئێستاشدا بارودۆخەکە بە چەشنێکە کە تا ئەو کاتەی سەرۆک پۆتین بیەوێت درێژە بەو دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەی رووسیا بدات لە سووریا، ئەوا هیچ شتێک ناتوانێت رێگری لێبکات**

**لەگەڵ نەمانی هەڕەشەی داعشدا، ئەوا ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوە، هەرچەندە پاشەکشەیەکی تەواویش نییە، بەڵام رۆڵێکی چالاک و کارای نابێت لەم وڵاتەدا. بە دڵنیاییەوە ئەمەش زەمینەی ئەوە دروست دەکات کە داعش یان هەندێ گرووپی دیکە دروست ببنەوە و سەرهەڵبدەنەوە، چونکە سوود لەو بۆشاییە وەردەگرن کە ئەو کشانەوەیە دروستی دەکات**

**لێدەکرێتەوە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە؟**

- لە راستیدا ئەوەی ئاماژەتان پێکرد، یەکێکە لەو سیناریۆیانەی کە زۆرترین ئەگەری روودانی لێدەکرێت، چونکە هەر لەگەڵ نەمانی هەڕەشەی داعشدا، ئەوا ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوە، هەرچەندە پاشەکشەیەکی تەواویش نییە، بەڵام رۆڵێکی چالاك و کارای نابێت لەم وڵاتەدا. بە دڵنیاییەوە ئەمەش زەمینەی ئەوە دروست دەکات کە داعش یان هەندێ گرووپی دیکە دروست ببنەوە و سەرهەڵبدەنەوە، چونکە سوود لەو بۆشاییە وەردەگرن کە ئەو کشانەوەیە دروستی دەکات.

*** بەڵام ئایا ئەمە مەترسیی ئەوە لەخۆناگرێت کە ئەمریکا شەڕەکە بباتەوە، بەڵام ئاشتی بدۆڕێنێت؟**

- بێگومان ئەوە مەترسییەکەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا شەکەتی دەستی شەڕە و ئەمەش هاوشانە بە بوونی ئەو قەناعەتەی کە ئەگەرێکی واقیعی لە ئارادا نییە بۆ هاتنەدی ئاشتی لە هەندێ ناوچەدا و ئەمریکا کارێکی زۆری لەدەست نایەت بۆ بەرەودان بە ئاشتی. بە دڵنیاییەوە ئیدارەی جۆرج بۆشی کوڕ باوەڕی وابوو کە دەکرێت ئەمریکا دەستێوەردان بکات و ئەمەش هۆکارێك بێت بۆ دروستبوونی ناوچەیەکی سەقامگیر و بوونی حکومەتی دیموکراسی، یان نیمچە دیموکراسی، ئەمە لە کاتێکدا ئیدارەی ئۆباما بە گومان بوو لەوەی ئەمریکا توانایەکی لەم چەشنەی هەبێت، ئیدارەی ترەمپیش گومانێکی قووڵتری هەیە لەم رووەوە. لەبەر ئەوە پێموایە لەگەڵ داکشانی هەڕەشەی داعشدا ئەوا ئەمریکا بە رادەیەکی گەورە دەستتێوەردان و تێوەگلانەکانیش لە ناوچەکەدا کەم دەکاتەوە، ئەگەرچی پاشەکشەیەکی یەکجاریش ناکات.

*** ئەگەر بێینەوە سەر بارودۆخی سووریا، هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا رووسیا توانیویەتی ببێتە لایەنێکی بەهێز لە سووریادا و دەسترۆیشتویی خۆی لەو وڵاتەدا پەرەپێداوە، ئایا ئێوە چۆن لە رۆڵی رووسیا دەڕوانن لە پەیوەندی بە ئەگەری گەیشتن بە چارەسەرێکی درێژخایەنی سیاسی لەو وڵاتەدا؟**

- ئاشکرایە رووسیا سوودی لە پشتیوانییەکەی بۆ رژێمی ئەسەد وەرگرتووە و لە ئێستاشدا بارودۆخەکە بە چەشنێکە کە تا ئەو کاتەی سەرۆك پۆتین بیەوێت درێژە بەو دەسترۆیشتوویی و کاریگەرییەی رووسیا بدات لە سووریا، ئەوا هیچ شتێك ناتوانێت رێگری لێبکات، چونکە ئەمریکا کار ناکات بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەو رووەوە، بەتایبەتی کە رۆڵی رووسیا لە سووریادا لە سوودی ئەمریکا شکاوەتەوە، لەو رووەوە کە کاریگەری هەبووە لەسەر ناوبردنی داعش. لەم روانگەیەوە من پێموایە رووسیا رۆڵێکی درێژخایەنی دەبێت لە سووریا و هەر ئاشتییەکیش لەو وڵاتەدا بێتەئاراوە دەبێت رووسیا لایەنێك بێت تێیدا و رەزامەندیی رووسیای لەسەر بێت.

*** ئاشکرایە کە دۆخی سووریا، رووسیا و ئێرانی کردۆتە هاوپەیمان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمریکا دەتوانێت کار لەسەر لێکترازاندن و لێکدابڕینی ئەو هاوپەیمانێتییە بکات؟**

- من پێموایە لەگەڵ کۆتاییهاتنی هەڕەشەی داعش، ئەمریکا هەوڵ و کۆششێکی چڕ ناکات بۆ دروستکردنی درز و کەلێنێك لە نێوان رووسیا و ئێران، تاکە هەوڵێکی راستەقینە کە ئەمریکا بیدات لە پەیوەندی بە ئێرانەوە بریتییە لە پاراستنی ئیسرائیل.

*** دوا وتەت چییە و چۆن لە ئایندەی ئەم ناوچەیە دەڕوانیت؟**

- پێموایە باشترین بارودۆخێك کە خوازیار بین بێتەئاراوە بریتییە لە هاتنەئارای سەقامگیری لە سووریا و عێراق و کوردستان بە گشتی، ئەمە باشترین سیناریۆیە کە ئاواتی بۆ بخوازین. خراپترین سیناریۆش درێژەکێشانی ناسەقامگیرییە لە عێراق و سووریا.

*** بەڵام یەکلاتان نەکردەوە ئایا ئێوە گەشبینن یان پێتان وایە دۆخەکە بە ئاقارێکی خراپتردا دەڕوات؟**

- لە راستیدا من لە نێوان گەشبینی و رەشبینیدام و باوەڕم وایە هاتنەدی باشترین سیناریۆ زەحمەتە، بەڵام بۆی هەیە رووبدات، ئومێد و هیوای منیش ئەوەیە کە دوچاری خراپترین سیناریۆ نەبین و لە کۆتاییدا جۆرێك لە سەقامگیری باڵ بکێشێت بەسەر ناوچەکەدا.

**حکومەتی ئەمریکا، یان سوپای ئەمریکا تێوەناگلێن و ناکەونە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا، بەڵکو ئەمە جێدەهێڵدرێت بۆ ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە بەرهەڵستیی ئێران دەکەن، بەتایبەتی سعودیە**

**کاتێک ئەمریکا پاشەکشە دەکات ئەوا ئەمە دەرگا واڵا دەکات بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەلایەن ئێران و رووسیا، هەروەها تورکیاش کە دەستتێوەردانی ئێستای هاوکاتە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە ناوخۆییە کە لەو وڵاتەدا روودەدات**

# ژینگەو ژاپۆن:
# چارەسەری نوێ بۆ گرفتی کۆن

لە دواهەفتەی مانگی ئاداری ساڵی (٢٠٠٤) وەك وەزیری ژینگەی ئەوسای عێراق، هاورێ لەگەڵ وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی عەرەب لە سیمیناری هاوبەشی وەزیری ژینگەی ژاپۆن و وەزیرانی ژینگەی وڵاتە عەرەبییەکان لە تۆکیۆی پایتەخت بەشدار بووم.

ئەوەی لای من جێگەی سەرنج بوو، ئەو راستییە ساکارە بوو کە دەڵێت:

هەمیشە پیسبوونی ژینگە زادەی پێشکەوتنێکی بێ بەرنامەیە لە بواری پەیوەندیی نێوان ژینگەو گەشەپێدانەوە.

خاتوو (یۆریکو کۆیکە)ی وەزیری ژینگەی ژاپۆن لەو سیمینارەدا سەرەتا تیشکی خستە سەر مێژووی ژاپۆن لەدوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی و دەستپێکردنی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ژاپۆن بەشێوەیەکی زۆر خێرا.

لەو فیلمە دۆکیۆمێنتییەی کە پیشانیاندایین، بینیمان لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، هەڵمەتێکی فراوانی دروستکردنی کارگەو هۆکاری گواستنەوەو بنیادنانی فراوانی خانووبەرە هەموو گۆشەیەکی ژاپۆنی گرتبۆوە .

بەڵام هێدی هێدی و لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ماددە پیسکارەکانی کارگەکان بە ئاوی رووبارو دەریاچەکان، زۆر گرفتی ژینگەیی سەریان هەڵدابوو لەچەشنی نەخۆشییەکەی کەنداوی (میناماتا) کە جیوەی نێو پاشماوەی کارگەکان لە جەستەی ماسییەکانی کەنداوەکە جێگیر بوون و، بەخواردنی ئەو ماسییانەش ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان گیانیان لەدەست دابوو، ژمارەیەکی زۆریشیان ئەودوای تەمەنیان بە نەخۆشیی درێژخایەنەوە بەڕێکردبوو.

وێڕای کارەساتەکەی کەنداوی (میناماتا)ی ساڵی (١٩٥٠)، دووکەڵی کارگەکان و گازە ژەهراوییەکانی دیکەش تێکەڵ بە هەناسەی زۆرێك لە دانیشتووان ببوو، ژمارەیەکی زۆریشی لێ نەخۆش خستبوون .

خاتوو (کۆیکە) ئاماژەی بەوەدا کە چۆن دانیشتووان دژی ئەو کارگانە داوای یاساییان لە دادگا تۆمار کردووە، ئاماژەی بەوەشدا کە کەسوکاری قوربانیانی کەنداوی (میناماتا) هەتا ئێستاش قەرەبووی زیانەکانی ئەوسا وەردەگرنەوە!

خاتوو (کۆیکە)ی وەزیری ژینگەی ژاپۆن باسی ئەوەشی کرد کە ئەو دەزانێت لە دەرەوە زۆرینەی خەڵك سەرسام بوون بە ژاپۆن و پێشکەوتنەکانی، بەڵام – وەك ئەو دەیگوت – زۆربەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و ماددییە بەراییەکانی ژاپۆن لەسەر حیسابی ژینگە بووەو، دوای دەیان ساڵی دی رێڕەوی پێشکەوتن و پەرەپێدان بەئاراستەی پاراستنی ژینگە راستکراوەتەوە، پاش ئەوەی لەنێوان ماوەی دەساڵی نێوان (١٩٥٠- ١٩٦٠) ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بەهۆی پەرەپێدانی بێ بەرنامەوە گیانیان لەدەست دابوو. لە ئێوارەخوانێکی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای ژاپۆنیشدا (جۆنشیرو کۆیزومی) لە وتەیەکدا ئێمەی لەهەمان راستیی ئاگادار کردەوە کە پێشکەوتنە سەرەتاییەکانی ژاپۆن باجی گەورەی بەدواوە بووە لە بواری پیسکردنی ژینگەداو کات و بودجەو کاری گەورەی بەدوادا ئەنجام دراوە، هەتا رێڕەوی گەشەپێدان بەئاراستەی پاراستنی ژینگەدا راست کراوەتەوە.

ئەم راستییە بۆ ئێمە ئەمڕۆ و داهاتووش لە هەرێم و لەعێراقدا زەنگێکی وریاکردنەوەیەو دەبێت لە بیری دروستکارانی بڕیاردا بێت، چونکە گرنگە سوود لە ئەزموونی گەلان وەربگرین لە بواری ژینگەدا بەتایبەت لە وڵاتێکی وەك ژاپۆن، بۆیە لە کۆی ئەو دیدارو کۆبوونەوانەی کە بۆم رێکخرا لەگەڵ هەر یەك لە بەڕێزان:

(جۆنشیرۆ کۆیزۆمی) سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن
خاتوو یۆریکۆ کۆیکە وەزیری ژینگەی ژاپۆن.
خاتوو یۆریکۆ کاواگۆچی وەزیری دەرەوەی ژاپۆن.
کۆیچی ئۆباتا باڵیۆزی ژاپۆن لە شانشینی ئوردن.
ماسا میتسۆ ئۆکی باڵیۆزی ژاپۆن لەعێراق.
سوچی کاتۆ بریکاری وەزیری ژینگەی ژاپۆن.
ساتۆشی تاناکا بەڕێوەبەری نوسینگەی هاوکاری ژینگەیی لەوەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.
ئیشینۆ کۆیا بەڕێوەبەری نوسینگەی نێودەوڵەتی ژینگەیی لەوەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.
موخلیس عەلی رەجەب: کارمەند لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ژاپۆن.

ئەم بەڕێزانە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەزموونی ژاپۆن لەبواری ژینگەپارێزیدا شایانی




عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

چاولێکردنە.

بۆیە لێرەوە گرنگ ئەوەیە کە ئێمەش ژینگەپارێزیی بکەینە ئەرکێکی هەمەلایەنە، بەمەرجێك هەر لایەنەو ئەرکی دیارکراوی خۆی بزانێت و جێبەجێشی بکات.

بۆ نموونە دەتوانین چوارچێوەیەك وەك ڕێگەچارە گشتییەکان بۆ رەواندنەوەی هەڕەشە ژینگەییەکان دابنێین، لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- دارشتنی ستراتیژیەتێکی کوردستانیی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەو گەشەپێدان و کوالیتی ژیانی دانیشتووان، بە بەشداریی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتییان.

٢- کارکردن بە چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام و نەخشەکێشان بۆ دانانی سیاسەت و پلانێکی ژینگەیی بە هاریکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ چەسپاندنی مافی ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت لە دەستووردا.

٣- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە و پشتبەستن بە چەمکی ئابووریی سەوز و تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە.

٤- کارکردن بە سیستمی ریسایکلینگ بۆ رزگاربوون لە پاشەڕۆ و خاشاك، بە مەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

٥- ئەنجامدانی (هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی) (EIA) بۆ گشت پڕۆژەکان.

٦- ئەنجامدانی رووپێوێکی ژینگەیی بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی زانیاریی ژینگەیی و دیارکردنی نەخشەی شوێنە پیسبووەکان و پاشماوە مەترسیدارەکان.

٧- بایەخدان بە بەرنامەی هەڵگرتنەوەی مین و پاشماوەی تەقەمەنییەکانی جەنگ و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە ژینگەی کوردستان کەوتوون.

٨- پاراستنی زیندە جۆرەکان (بایۆدایڤێرسیتی)و دامەزراندنی ناوچە پارێزراوەکان و پاوانە سروشتییەکان.

٩- هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە ژینگەییە جیهانی و هەرێمایەتییەکان.

١٠- هەوڵدان بۆ پاراستنی ناوچە سروشتییەکان و شوێنەوارە کەلتوورییەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاساو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

١١- چاوخشاندنەوە بە دیزاین و ماستەرپلانی شارەکاندا لە رووی پێداویستییەکانی دانیشتووان و پاراستنی ژینگە و پشتگیریکردنی پڕۆسەی گەڕانەوە بۆ گوندەکان.

١٢- پاراستنی سامانە سروشتییەکان و بەکارهێنانیان بە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی ئێستای هاووڵاتییان و نەوەکانی ئایندە.

١٣- ئیمزاکردنی پەیماننامەیەکی نیشتمانی بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان، سەرجەم لایەن و کۆمەڵە و رێکخراو و تاکەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن.

ئەو ئامانجانەش دەکرێن بێنە جێبەجێکردن لە رێگەی زۆر میکانیزمەوە وەك:

١- پەروەردەی ژینگەیی لە باخچەی ساوایان و ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی باڵادا بخوێنرێت.

٢- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری بەرنامە ژینگەییەکان لە میدیاکاندا.

٣- چەسپاندنی چەمکی کاری خۆبەخشیی لە بواری ژینگە پارێزیدا.

٤- کردنەوەو کاراکردنی پەیج و سایتی ئەلکترۆنی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە.

٥- بەخشینی ئارەزوومەندانەی بەشێك لە یارمەتییە داراییەکانیان وەك سپۆنسەر بە رێکخراوە ژینگەییەکان.

٦- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کارگەی تایبەت بە ریسایکلینگ و پڕۆژەکانی دۆست بە ژینگە.

٧- جێکردنەوەی بابەتی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبەکاندا.

٨- تەرخانکردنی بەشێك لە چالاکییەکانیساڵیادو بۆنەی حزبەکان بۆ هۆشیاریی ژینگەیی.

٩- جەختکردنەوە لەسەر پێکهێنان و کاراکردنی لیژنەی ژینگە لە پەرلەماندا.

١٠- پشتگیریکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندی پاراستن و چاککردنی ژینگەدان.

١١- چاودێریکردنی وردی چالاکییەکانی هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەت لە رووی ژینگەوە.

١٢- کاراکردنی سندوقی پاراستنی ژینگە.

١٣- داهێنانی خەڵاتی دیارکردنی پاکترین و جوانترین شارو شارۆچکە و گوند.

# سیاسەتی ئابووری .. کاریگەرییەکانی لەجیهاندا

یەکێك لەو بابەتە گرنگ و هەستیارانەی ئەمڕۆ جیهانی سەرقاڵ کردووە، پرسی دارشتنی سیاسەتی ئابوورییە کە یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی ئابووریی جیهان، زۆربەی بیرمەندانی ئابووری بە گرنگییەوە لە دارشتنی سیاسەتی ئابووری دەڕوانن و سەرنجی خۆیان لەمبارەوەیەوە خستۆتەڕوو.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت سەرەتا شیکردنەوەیەك بۆ چەمکی سیاسەتی ئابووری بکەین، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە سیاسەتی ئابووری هەر وڵات و دامەزراوەیەك بە سیستەمی ئابوورییەکەی پێناسە دەکرێت و هەر سیستەمی ئابووریشە کە دەتوانێ هەیکەلی ئابووری و کارایی ئابووری دیاری بکات. هەڵبەتە فەلسەفەی هەر سیستەمێکی ئابووری پەیوەندی بە ئاستی چالاکیی ڕێکخستن و تەندروستیی هەیکەلی ئابووری وڵات و دامەزراوەکانی هەیە لەگەڵ بەهرەمەندبوونی زۆرترینی هاوڵاتیان، ئینجا ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ژینگەیی، چونکە سیستەمی ئابووریی وڵاتێکی سەرمایەداری جیاوازە لە وڵاتێکی سۆشیالیستی، یان وڵاتێکی جیهانی سێیەم جیاوازە لەوڵاتێکی مۆدێرن. دەکرێت بڵێین سیاسەتی ئابووری لەنێوان وڵاتە تازە فراژووبووەکاندا زۆر جیاوازترە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، چونکە سیاسەتی ئابووری بە مانای بەڕێوەبردنی سەرچاوەی داهاتی وڵات و سامانە مرۆییەکانە.

دەبێت ئەوە بزانین کە سیاسەتی ئابووری بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکاری تایبەتمەند کە خۆی لەخۆیدا کاریگەری زۆری لەسەر دارشتنی بەرنامەی ئابووری هەیە، هەروەها بۆ ئاسانکردنی کاری لێکۆڵینەوە لە ئامانجە خوازراوەکان لە بواری ئابووریدا کە دەوڵەت جێبەجێی دەکات، چونکە خۆی لەخۆیدا سیاسەتی ئابووری بە مانا سادەکەی بریتییە لە بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی توانای ئابووری و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی گۆڕینەوەی دراو و نرخە گرانبەهاکان و هاندان و بەکاربردنی شمەك و راژە لە ناوچەیەکی جوگرافی جیاوازدا، واتا سیاسەتی ئابووری خۆی لە گرنگیدانی هاندانی زیادکردنی (بەرهەمهێنان، بەشێنەوە، گۆڕینەوە و بەکاربردن ) لەلایەن بریکارانی جیاجیاوە دەکرێ. بریکار دەتوانێ تاکەکەس بێ، ڕێکخراوە بێ، کاسبێکی تایبەت بێ، یان کۆمپانیایەکی بەهێز و بەتوانا بێت. واتا سیاسەتی تۆکمەی ئابووری بە گشتی لەهەر ناوچەیەك ئاکامی کۆمەڵێك بەرنامەی ستراکچەرکراوە کە خۆی لەچەند پڕۆگرامێکی جیاوازدا دەبینێتەوە.

زۆربەی چاودێرانی سیاسەتی ئابووری پێیانوایە سیاسەتی ئابووری زۆر گرنگە لەگەشەکردنی ئابووریی وڵاتدا، چونکە بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت کە لە ڕێگەی بەکارهێنان و جێبەجێکردنیەوە دەتوانرێت ئەم ئامانجانە بەدەست بهێنرێت، ئەویش لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوانەی کە هەن، یان دەکرێت هەبن، واتا مەرجە وڵات سیاسەتێکی تۆکمەی ئابووری هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت گەشە بە توانا گشتییەکانی خۆی بدات و نەخشەی ئابووریی خۆی بە شێوازێکی پتەو دابڕێژێت.

زۆرجار لەلایەن ئابووریناسەوە هەوڵدەدرێت خاڵی هاوبەشی زۆر بەهێز لەنێوان زانستی ئابووری لەلایەك و زانستی سیاسی لە لایەکی دیکە دروست بکرێت، بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە هاوبەشەی لەنێوان هەردوو زانستەکەدا هەیە، ڕێبەرانی ئەم زانستەش هەمیشە گرنگی بە دروستکردنی کۆڕبەندی هاوبەش دەدەن و لەو چوارچێوەشدا زانستی ئابووری سیاسی (Political economy) هاتەکایەوە کە خۆی کێشەو ئاریشەی زانستەکانی سیاسەت و ئابووری



## مەیادە محەمەد نەجار
### سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لێك دەداتەوە، بە واتایەکی دی، ئابووریی سیاسی لە شوێن دۆزینەوەی پێوەندی دوولایەنەی وزە سیاسی و ئابوورییەکان و کاردانەوەی ئەم هێزانەیە بەسەر پێکهاتەکانی سیاسەتی ئابووریدا.

سیاسەتی ئابووری بە شێوەیەکی بەرنامە ڕێکخراو گرنگە لە چوارچێوەی قۆناغە گرنگەکانی داڕشتنی سیاسەتی ئابووریدا پلانە داڕێژدراوەکان بێت و بە شێوەیەکی گرنگ لە چوارچێوەیەکی هەژموونی باشترین مەرجی پێشکەوتنی گشتی کەرتی ئابووری لە هەر قۆناغێك و تایبەتمەندی خۆیدا گرنگی پێ بدات، چونکە لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پلانەکەدا، گشت ئەو پراکتەرە گرنگانە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئابووریناسانەوە بەکاردەهێنرێت .

هەروەها سیاسەتی ئابووری لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازە، وەك ئەوەی لە قۆتابخانەی کلاسیك جەختی لەسەر پرۆژەی بازاڕی ئازاد دەکردەوە، چونکە پێیوابوو گرنگە ئابوورییەکی ئازاد هەبێت و بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە گرنگی بە ڕێچکەی ئابووری بدرێت. سنوورداربوونی ئازادیی تاکەکان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان کە لەگەڵ بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا یەك دەگرێتەوە، ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتی بوون لە ئادەم سمیت و ریکارد و جون ستیوارت لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم کە لەگەڵ ئەم ئازادییە ڕەهایەدا بوون، جەخت لەوە دەکەنەوە کە خەڵك دەتوانن لە ڕێگەی هاوکاریکردنی یەکترەوە سیاسەتێکی تۆکمەی ئابوورییان هەبێت، ڕەنگە ئەم قۆناغەش کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر داڕشتنی سیاسەتی ئابووری هەبووبێت، لە ئابووریی ئازاددا سیاسەتی ئابووریی ڕێکخراو و تەواو لەو ئامرازانەی کە بۆ کاراکردنی چالاکیی ئابووری لەسەر ئاستە جیاوازەکانی گشتگیر و تایبەت و هەرێمی بۆ ئابووریی نیشتمانی بەکار دێن، چەند ڕەهەندیك هەیە، کە هەر ڕەگەزیك لەمانە کاریگەریی خۆی لەسەر سیاسەتی ئابووری هەیە و داڕشتنی سیاسەتی ئابووریی هەر وڵاتێك پەیوەستە بە کۆمەڵێك خاڵەوە کە لە ڕێگەیەوە دەکرێت پێوەربێ، لەوانە: گەشەپێدانی ئابووری، کە دەکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانەی کە لە دەوڵەتدا هەن، لەسەر گەشەپێدانی سیاسەتی «هەناردەکردن» بنیاد بنرێت، واتا لەم ڕەگەزدا ستراتیژیەتی گەشەپێدان دێتە پێشەوە کە پشت بە هەناردەکردن دەبەستێت، دەکرێت زیاتر لە ڕێگەی سیاسەتی ناردنی ئەو کەلوپەلانەی بە ڕێگەیەکی تەکنیکی قورس دروست دەکرێن، چونکە سیاسەتی دارایی لەبنەڕەتدا بریتییە لە داڕشتنی چەند ئامرازێك بۆ کارتێکردن لە چالاکیی کارکردن و وەبەرهێنانی ئابووری کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی چالاکیی ئابووری و بەرزکردنەوەی تێکڕای گەشەکردن و زیادکردنی هەلی کارکردن، هەروەها ڕەگەزێکی تریان بریتییە لە سیاسەتی نەختینە کە خۆی لە سیستەمی بانکەکان (تێکڕای سوودوەرگرتن) دەبینێتەوە و بە گرینگترین پێوەرەکانی سیاسەتی بەڕێوەبردنی پارە دادەنرێت، چونکە دابەزینی تێکڕای سوودوەرگرتن دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاریی لەسەر قەرزکردن، لە کاتێکدا بەرزبوونەوەی دەبێتە هۆی دابەزینی ئەم داواکارییە. لێرەدا دەوڵەت بۆ گەڕاندنەوەی باڵانس، کۆمەڵێك سیاسەت، وەکوو کەمکردنەوەی نرخی گۆڕینەوەی دراوی نیشتمانی لە بەرامبەر دراوەکانی دیکە پەیڕەو دەکات، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەنارده و کەمبوونی هاوردەکردن، چونکە سیستەمی ئابووری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەی سیاسییەوە هەیە.